www.keu92.org

بەردەوام دەبین لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە

1992 KEU 2692

KURDISTAN ENGINEERS UNION

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

ئەندازیاران

المهندسون

گۆڤارێکی ئەندازەیی وەرزانەیە ... یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان دەری دەکات

ساڵی بیستەم پایزی 2022

ژمارە 82

کۆنکرێت - سیفاتەکانی ، جۆرەکانی ، پشکنینەکانی

فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فڕینی نێودەوڵەتی شارستانی

ڕیپۆرتاژێک لەسەر زانکۆی قەیوانی نێو دەوڵەتی

شرۆڤەکردنی بەرنامەی (CIVIL 3D)

بەسەرکردنەوەی پرۆژەی دانانی سۆلار پاوەر بۆ فاملی مۆڵی سلێمانی

ئەندازیار و ڕەخنەگرتن
دوانەیەکی لێکدانەبڕاو !

• ئاشکرایە کاری ڕەخنەگرتن مافی هەموو تاکێکە لەهەر کار و کردەوە و مامەڵە وبریار و هەڵسوکەوتێک کە بە ڕاست نازانرێت یان بەبەرژەوەندی زۆرینە نەبێت یان زیانی گەورە بەبەرژەوەندی گەل و نیشتیمان بگەیەنێت،ئاشکرایە ڕەخنەش دوو جۆرە :

ڕەخنەی درووستکەر: دوورە لە ناوزراندن و گاڵتەپێکردن ومەبەست لێی نەشکاندن و بچووک سەیرنەکردن وبەهیچ وەرنەگرتنی هەموو کار و کردەوەکانی کەسی ڕەخنەلێگیراوە و بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵە و گەرانەوەیە بۆ سەر ڕێچکە ئاساییەکان،کەسی ڕەخنەگریش کەسێکی هاوسەنگ و خەمخۆر و دڵسۆزە،هەربۆیە جێگەی دەستخۆشی لێکردن و مایەی ستایشکردنیشە .

ڕەخنەی ڕووخێنەر: مەبەست لێی شکاندن و ناوزراندن وبچووکردنەوەی کاری کەسانی ترە وکەسی ڕەخنەگریش کەسێکی دڵ ودەروون نەخۆش و خۆپەرست و خۆپەسەند وخەڵکی تری لا بچووک وچاوی بەکار و داهێنان و چالاکی کەسانی تر هەڵنایەت،هەربۆیە کەسێکی نامۆ و وبێزراو ورووخێنەر و خۆشەویست نیە لەناو دەوروبەریدا.

• ئاشکراشە ئەندازیار بەسروشتی خۆی وەک کەسێکی خاوەن بیرۆکە وداهێنان و خاوەن ڕامان و وێناکردن و ئەندێشە و بیری قوڵ و ئاسۆ فراوان هەمیشە کەسێکی ڕەخنەگر و نارازییە،چونکە بۆخۆی کەسێکی خاوەن چاوتیژ و تێبینی وورده بۆ سەر هەموو کەس و کار و پرۆژەیەک،لەبەرئەوەی سروشتی کاری ئەندازیاری لە دیزاینکردن و سەرپەرشتیاری و جێبەجێکردنی پرۆژە جیاوازە ئەندازیاریەکان کارێکی وورد و بە ملم و سم هەڵدەسەنگێنرێت و بچووکترین هەڵە و ناڕاستی و نالۆژیکی لە ڕێکخستن و دانان و وێناکێشانەکاندا دەبێتە مایەی کاولکاری و زیانی گەورە و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی دارایی و گیانی وڵات وکۆمەڵگاکان.هەربۆیە ئەندازیار و ڕەخنەگرتن و بەدواداگەڕانی هەڵەو کەموکوڕییەکان بونەتە جمک و دوانەیەکی لێک دانەبڕاوی یەکتری و هەمیشە ئەندازیار وەک کەسێکی ڕەخنەگر و هەڵشاخاو بەرووی سروشت و دەوربەریدا ناسراوە .

• بەڵام هەموو ئەم ڕاستیانەش نابنە بیانوو بۆ ئەندازیار کە هەمیشە چاوی ڕەخنەی تیژتر بێت لە هەڵسەنگاندنێکی دادپەروەرانە و سەیرکردن بە ویژدانێکی زیندوەوە و بینینی کار و کردەوەکان وەکو خۆیان دوور لەلایەنگری و ڕق و کینەی کەسی یان بۆ بچووککردنەوەی بەرامبەر بەبێ هۆکارێکی لۆژیکی و باوەڕپێهێنەر.بۆیە ئەرکی ئەندازیارە کە بەهێندەی وردی کارەکەی و پسپۆریەکەی ووردتر و بەدیقەتتر بێت لەهەموو ڕەخنەگرتن و نارازیبونەکانیشیدا و دەستخۆشی لەکاری باش و سەرکەوتوو بکات و ڕەخنەی توندیش لە کاری نابەجێ و ناپەسەندیش بگرێت،چونکە گەر وانەکات ئەوا بە تێپەڕبوونی کات زیانی گەورە لە ڕاستگۆیی نیەت و ڕەخنەکانی و تێبینیەکانی دەدات و لەکەسێکی ڕەخنەگری دروستکەرەوە دەبێتە کەسێکی ڕووخێنەر و فەوزەوی و تێکدەر و دواتریش دەبێتە کەسێکی خۆپەسەند و تەنها خۆی لا پەسەندە و کەسانی تری لەلا کەم و بچوک و هیچ لەباردا نەبوو دەبێت.کە ئەمەش بۆ کەسایەتی ئەندازیار وەکو کەسێکی داهێنەر وبە بەخشش و دروستکەری شارستانێتی و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی وێک نایەتەوە .

• هەربۆیە هیوادارم کە ئەندازیارانی ئازیز لەکاتی ڕەخنەگرتنیاندا لەهەر کەس و لایەن و ڕێکخراو و دەسەڵات و حیزب و سەرکردەکانیش ووردتر و بەدیقەتتر بن و(شەلم کوێرم کەس ناپارێزم) و دوور لە بەڵگە و ڕاستیەکان بەپێی پەتی نەکەونە ناوەوە و دواتریش تەنها پەشیمانبونەوەیان بۆ بمێنێتەوە .

نەوزادی موهەندیس
سەرنوسەر

ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئایندە

ڕێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە حیزابی هونەری کۆڤارەوە

ساڵی بیستەم پایزی ٢٠٢٢ ژمارە (٨٢)

بەپێی مۆڵەتی ژمارە ٣٥ لە ٢٦ـ١ـ٢٠١٠ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت

لەم ژمارەیدا

فاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ نەوزاد عوسمان

(نەوزادی موهەندیس)

رئیس التحریر

نوزاد المهندس

Editor-in-chife

Nawzad Almohandis

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژ.م: 07710251171

ژ.م: 07501047235

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم

بارەگای یەکێتی

ئەندازیارانی کوردستان

ژمارەی تلفون : ٣٢٠٨٨٠٨

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک

ڕێبین حمە غریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

چاپخانەی زانا

"هەواڵ" و "چالاکی"

نوسینگە ئەندازیاریەکان

• لەبەر ڕۆشنایی مادەکانی (نظام مكاتب الهندسية) ی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ کە پەسەندکراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە **کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** مۆڵەتی کارکردنی بەم نوسینگە ئەندازیاریانە داوە :

١. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی (ماف) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (محمد علی فتح الله)ە ، بەژمارە (٤٠٨) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٦)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٧٥٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٦ دا .

٢. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی (ڤێرتیکس / Vertex) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (امید علی محمد) ە، بەژمارە (٤١٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/١٣)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٧٧٣ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٣ دا .

٣. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی (دادۆ بەیسک – Dado Basic) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (ندی عباس أمین) ە،بەژمارە (٤١١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/١٥)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٧٧٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٥ دا .

٤. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی (گۆبان ئارکیتێکتس– Goban Architects) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (گۆبان عبدالله علی برزنجه)ە،بەژمارە (٣٨٥)لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/٢٢)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٣٦٨ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٢ دا .

٥. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی (سوپریم بیلدەرس –Supreme Builders) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (ڕەوەز عبدالباقی عبدول)ە،بەژمارە (٤١٤) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٥)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٨٤٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٥ دا .

٦. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی (ئیندێکس – Index) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (شالاو سلیم خضر)ە، بەژمارە (٤١٧) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٦)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٩١٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٦ دا .

٧. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی (مێتا ئارکیتێکچەر– Meta Architecture) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (طیب جبار أمین)ە،بەژمارە (٤١٩)لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/٢٦)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٩٧٥ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١٠/٥/٢٦ دا .

٨. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی (ئارما) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (محمد احمد شهاب) ە، بە ژمارە (٤٢١)لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٨)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ١٠٢٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٨ دا .

٩. نوسینگەی ڕاوێژکاری بەناوی (پاسار) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (حسین محمد عمر) ە، بەژمارە (٤٢٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/٢)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ١٠٠٦ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢ دا .

١٠. نوسینگەی ئەندازیاری بەناوی (کاسا – Casa) کە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوەکەی ئەندازیار (ئاکام امین حسن)ە، بەژمارە (٤٢٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٣)دا مۆڵەتی کارکردنی پێدرا بە فەرمانی کارگێری ژمارە ١٠٣٠ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٣ دا.

• دوای ئەوەی کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٣١ کۆمپانیای(ویرای)ئێرانی سەردانی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانیان** کرد بەمەبەستی داوەتکردنی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** بۆ بەشداریکردن لە پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانیدا لە ڕۆژانی ٢٧-٢٠٢٢/٩/٣٠، وەک لایەنێکی پسپۆڕ لە بواری کەرتی بیناسازی و تەئسیساتی کارەبایی و وزەدا. بەخۆشحالیەوە داوەتنامەکەیان پەسەندکرا و بەڵێنی هەموو هاوکاری و کارئاسانیەکیشیان پێدرا .

• بەهەمان شێوە لیژنەیەکیش پێکهێنرا بۆ ئامادەسازی و دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ بەشداربون لە پێشانگاکەدا.

• لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٦ دا بەڕێز نەوزادی موهەندیس بەنوێنەرایەتی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** بەشداری کۆبونەوەیەکی کرد لە **بارەگای ژووری بازرگانی** و **پیشەسازی سلێمانی** بەمەبەستی هەمئاهەنگیکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئامادەسازی کردنەوەی پێشانگاکە.

• ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٧ ڕۆژی ٣ شەممە بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی **کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** و **لقی سلێمانی** و ژمارەیەک لە ئەندازیاران بەشداری مەراسیمی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانیان کرد و بەگەرموگوریەوە بەشداری چالاکیەکانیان کرد و لە جەناحی تایبەتی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** پێشوازیان لە میوانان و نوێنەری کۆمپانیاکان کرد.

• لە ٢٠٢٢/٩/٢٨دا ڕۆژی دووەمی پێشانگاکە و لە کاتژمێر ٦ی ئێوارەدا لە ئوتێل تایتانیک وەفدێکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لە بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی کۆمیتەی باڵا و لقی سلێمانی و ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندازیاران بەشداریان لە کۆبونەوەیەکی فراوانی کۆمپانیاکانی بەشداربوو لە پێشانگاکەدا کرد،لەلایەک لەلایەن ئەندازیاری شارستانی (نیاز سعید فرج) سمینارێکی دەربارەی (ماستەر پلانی سلێمانی) پێشکەشرا وەک نوێنەری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان . لەلایەکی تریشەوە بۆ ئالوگۆڕکردنی بیروڕاو و پێشنیاز بەمەبەستی زیاتر کردنی پەیوەندی و ئالوگۆڕی ئەزموون و شارەزایی و نەهێشتنی گیروگرفتەکان و بەرەو پێشبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی و زانستی لەنێوان هەمواندا.




• لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٩ دا و ڕۆژی سێیەمی پێشانگاکەدا ، بە بەردەوامی نوێنەرانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ئامادەبوون و پێشوازیان لە میوانان و لێپرسراوان و کۆمپانیاکان دەکرد و ڕۆل و کاریگەری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانیان بۆ ڕوونەکردنەوە .

• لە ڕۆژی هەینی و ڕۆژی چوارەمی پێشانگا کەدا لە ٢٠٢٢/٩/٣٠دا، بەهەمان شێوەی ڕۆژانی پێشووتر نوێنەرانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بەشداریە کی چالاکانەیان کرد و لە کۆتایی مەراسیمە کەشدا بەنوێنەرایەتی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان هەریەکە لە بەڕێزان ئەندازیار (عەسکەر احمد) سکرتێری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و نەوزادی موهەندیس بەشداریان کرد لە مەراسیمی پێشکەشکردنی خەڵات بەسەر کۆمپانیا بەشداربوە کاندا.

• لە ڕۆژی ٣ شەممە ڕێکەوتی ٤/ ١٠/ ٢٠٢٢ دا وەفدێکی (خوێندنگاکانی یونایتد ساینس) سەردانی بارەگای **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**یان کرد بەبۆنەی (ڕۆژی تەلارسازانی جیهان)ەوە کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بەڕەسمی ناسێنراوە.دوای پێشکەشکردنی پیرۆزباییان باسی کاروچالاکیەکانی خۆیان کرد ودیاری و پیرۆزباییەکەیان پێشکەشکرد.دواتر لەلایەن **سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**ەوە سوپاسی سەردان و پیرۆزباییەکەیان کرا و ئامادەی هەموو کارئاسانی و پشتیوانیەکیان پێدرا.

• لـە چوارچێـوەی کار و چالاکیەکانـی **یەکێتـی ئەندازیارانـی کوردسـتان**دا و بەمەبەسـتی زیاتـر خزمەتکردنـی ئەندازیـاران و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانیاریـان ... لـە ڕۆژی ٥ شـەممە ڕێکەوتـی ٢٠٢٢/١٠/١٣ بۆ مـاوەی ٢ کاتژمێر لـە هۆڵی **یەکێتـی ئەندازیارانی کوردسـتان** ۆرک شـۆپێک سـازکرا کە لەلایـەن هەرسـێ دکتۆر و مامۆسـتایان (د.سـامان علی عبـدالله لـە ئەمریکاوە بـە ئۆنلاین و مامۆسـتا هەوراز محمـد عبدالرحمـن و د.پشـتیوان نصرالدین شـکور) وە بابەتـەکان پێشکەشـکران ، بـە ئامادەبوونـی ژمارەیـەک لـە ئەندازیارانـی ئازیـز .



• لە زنجیرەی کارو چالاکیەکانی **لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**، لە ڕۆژی ٤شەممە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢١ بۆماوەی ٢ کاتژمێر، لەهۆڵی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** سیمینارێک بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی بەرگری بینای دروستکراو بە تونێل قالب بەرامبەر بە زەمین لەرزە) سازکراوە لە لایەن ئەندازیاری ڕاوێژکاری بەڕێز (عادل أحمد عبدالکریم)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندازیارانی ئازیز.




• لە چوارچێوەی کار و چالاکیە زانستی و ئەندازیاریە بەردەوامەکانی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** بۆ خزمەتی زیاتری ئەندازیارانی ئازیز ...
لە ڕۆژی ٣ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٥ بۆ ماوەی ١ کاتژمێر لە هۆڵی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** سمینارێکی زانستی سازدرا کە لەلایەن بەڕێز ئەندازیار (فەریدون ابراهیم محی الدین) ماستەر لە ئەندازەی تەلارسازیدا لە زانکۆی (گراتس لە وڵاتی نەمسا) وە پێشکەشکرا بەناو نیشانی Goizha Don Green Landscape Project بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندازیارانی ئازیز.


• لـە ڕۆژی ٥ شـەممە ڕێکەوتـی ٢٠٢٢/١١/٢٤ بەنوێنەرایەتـی **یەکێتـی ئەندازیارانـی کوردسـتان** سەرنوسەری **گۆڤاری ئەندازیاران** بەڕێز (نەوزادی موهەندیس) بەشداری کرد لە پانێلێک لە (زانکۆی کۆمـار) تایبـەت بە هەردوو کارەسـاتی تەقینـەوە و لێچوونی غاز لە سـلێمانی و دهۆک و هۆکار و چارەسەرییەکان. دەستخۆشی لەزانکۆی کۆمار دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و چالاکیە زانستیە بەردەوامانەیان .

• لە ڕۆژانی ١ شەممە و ٢ شەممە ڕێکەوتی ٢٧ و ٢٨ / ١١ / ٢٠٢٢ بەنوێنەرایەتی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** سەرنوسەری **گۆڤاری ئەندازیاران** بەڕێز (نەوزادی موهەندیس) بەشداری کرد لە ڕۆرکشۆپێکی ٢ ڕۆژەدا کە لەلایەن زانکۆی(پۆلیتەکنیکی سلێمانی)ەوە ڕێکخرابوو کە زنجیرەیەک سیمیناری زانستی لەسەر بەکارهێنانی گازی شل (LPG) و سیستمی شۆڤاژی لەخۆگرتبوو.

• دواتریش ئەندازیاران بە گەرموگوڕییەوە بەشداریان کرد لە کاری لیژنەکاندا بۆ نوسینەوە و ئامادەکردنی ڕاسپاردەکان . دەستخۆشی لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی دەکەین بۆ ئەو هەوڵ و چالاکیە زانستیە بەردەوامانەیان .

KURDISTAN ENGINEERS UNION
یەکیتی ئەندازیارانی کوردستان
1992 2692

پیرۆزبایی

بەبۆنەی هاتنەوەی
سەری ساڵی نوێی زاینی ٢٠٢٣ وە

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی
ئاراستەی سەرجەم ئەندازیارانی
ئازیز دەکەین و هیوادارین کە
سەرجەم ئەندازیاران هەردەم لە
خۆشی و جەژن و خۆشگوزەرانیدا بن
و ساڵی نوێیان ساڵی وەدیهاتنی
خەون و ئاواتەکانیان بێت لەسایەی
ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی
وولاتمانەوە .
دووبارە پیرۆز بێت...

گۆڤاری ئەندازیاران

کۆنکرێت
سیفاتەکانی ، جۆرەکانی ، پشکنینەکانی

ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا
نەوزاد عوسمان عبدالرحمن
nawzad_mohandis@yahoo.com

(بەشی چوارەم)

پیشەسازی کۆنکرێت Manufacture of Concrete

دەتوانرێت ئەو قۆناغانەی کە دروستکردنی کۆنکرێتی پیادا تێپەردەبێت دابەشبکرێت بە ٣ قۆناغی سەرەکیەوە کە بریتین لە :

١. قۆناغی پێشتێکردن (ئامادەکردن) Preparation

أ – هەڵبژاردنی پێکهاتەکان و دیزاینی تێکەڵەکان

ب – هەڵگرتنی کەرەسەکان

ج – ئامادەکردنی قاڵب توندکەرەوەکان

د – ئامادەکردنی برەکان و پاکەتەکان

٢. قۆناغی تێکردن Fresh Concrete

أ – تێکەڵکردن

ب – گواستنەوە

ج – تێکردن

د – هەڵرشتن

ه – کۆتایهاتن

٣. قۆناغی دوای تێکردن Green Concrete

أ – چارەسەرکردن

ب – لابردنی قاڵب و توندکەرەکان

ج – چاکردن و سپیکاری

٤-١ قۆناغی ئامادەکردن (پێشتێکردن) Preparation

أ – هەڵبژاردنی پێکهاتەکان

– کاری دیاریکردن و هەڵبژاردنی جۆری گونجاو لە هەموو کەرەسەکان وەک جۆری چیمەنتۆی گونجاو بۆ کردارەکە (پۆرتلاندی عادی یان بەرگریکاری کبریتەکان یان نزمکەرەوەی گەرما یان ....هتد.) هەروەها جۆری لمی گونجاو (وورد یان زبر یان ....) لێرەدا وشەی گونجاو تەنها لە رووی تەکنیکیەوە نا بەڵکو هەموو بوارەکانی تر وەک لایەنی ئابوری بۆ نمونە .

– پێوانەی گونجاو بۆ چەوی گەورە بە گوێرەی جۆر و پێوانەی برگەکانی بۆ کۆنکرێت کە تێدەکرێت (بنکە یان پایە یان بنمیچ) .

– توانای بەکارهێنانی هەندێک زیادکراو یان بەکارنەهێنانی و لە چ قۆناغێکی تێکردندا .

– کاری دیزاین بۆ تێکەڵەی داواکراو و دیاریکردنی بری پێویست لەهەر کەرەسەیەک بە کێش و قەبارە .

ب – هەڵگرتن

– لەبەرچاوگرتنی دڵنیابوون لە بونی هەموو کەرەسە پێویستەکان بۆ تێکردنی کۆنکرێتی پێش دەستکردن بە تێکردن .

– هەڵگرتنی کەرەسەکان لە جێگایەکی گونجاو دەبێت و بە رێکخستنێکی گونجاویش کە کاری گواستنەوەی بۆ جێگەی تێکردنەکە ئاسان دەکات .

– هەڵگرتنی هەر کەرەسەیەک دەبێت بەپێی ئەو رێگایە بێت کە لە مواصفاتەکانیدا دیاریکراوە. بۆ نموونە :

– چیمەنتۆ: هەڵدەگیرێت لەسەر زەمینی تەختەیی هەوادار و پارێزراویشە لە شێی کەشوهەوا و زەوی و باران و پێویستە بەکارنەهێنرێت لە ئیشوکاری کۆنکرێتی شیشداردا واتە کاتێک چیمەنتۆکە دەنکۆڵە یان تۆپەڵی

تیادا دروست بوو یان ماوەی هەڵگرتنی لە ٣ مانگ زیاتر تێپەڕی ، بەگوێرەی کۆدی میسری ئەوا دەتوانرێت بۆ ماوەی ٦مانگ چیمەنتۆ هەڵبگیرێت دوای دڵنیابوون لە سەلامەتی .

- لم : لەسەر زەوی ڕەق دەبێت کە خاوێن بێت و دووریش بێت لە باران یان هەر توخمێکی پیسکەر .

- چەو : دەشۆرێتەوە بۆ لابردنی خەوش لێی و لەسەر زەوی کۆنکرێتی یان تەختەیی هەڵدەگیرێت .

- ئاو : پشت نابەسرێت بە ئاوی بەلوعە لەترسی ڕوودانی هەر گرفتێک و بۆیە پێویستە ئاو پێشتر هەڵبگیرێت لە جێگەی تێکردنەکە و لە بەرمیل و تەنکی دانەخوراودا .

- زیادکراوەکان : لە جێگەیەکی سەلامەت هەڵدەگیرێن لە پلەی گەرمی ژووردا و دوور لە شێ و تیشکی خۆری ڕاستەوخۆ و ڕەچاوی هەموو ڕێنماییە تایبەتەکان دەکرێت بۆ هەر کەرەسەیەک بە تەنها .

ج- ئامادەکردنی تەختە بەستن و توندکەرەکان (ڕاگرەکان)

- جۆری تەختە بەستن و توندکەرە گونجاوەکان بۆ کارەکە دیاریدەکرێت (توندکەری ئاسایی – تونکەری جووڵاو- توندکەری ڕەق).

- توندکەرەکان (ڕاگرەکان) پێویستە بەهێزبن بۆ هەڵگرتنی کێشی کۆنکرێت و قورساییە هەبوەکان لەکاتی تێکردندا .

- پێویستە ڕاگری توندکەرەکان لەسەر زەمین و بنکەیەکی جێگیربن .

- قالبەکان توندوتۆڵ بن بۆ ڕێگەگرتن لە لێچوونی شلەی کۆنکرێتەکە .

- پێویستە هەڵگرەکان (ڕاگرەکان) پێکەوە ببەسرێن بەشێوەیەک کە بەرکەوتنە ئاسۆییەکان لە ئەنجامی جوڵەی کرێکار یان ئامێرە بچوکەکانەوە کاری تێنەکرێت هەروەها فشاری ڕەشەبا و لەرینەوەی دروستبوو لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرەکانەوە لەکارکردندا .

- ڕووی تەختەکان بە ئاو ئاورشێن دەکرێت پێشتێکردن ڕاستەوخۆ بۆ ڕێگەگرتنی هەڵمژینی تەختەکان بە تەنها بۆ ئاو .

- پێویستە ڕێڕەوی کارکردن ئامادەبکرێت بە شێوەیەک جوڵەی کارێگەری نەبێت لەسەر دوریەکان و شێوەی شیشە ئاسنەکان .

- باشتر وایە کە جیاکەرەوەیەک لەنێوان ڕووی قالبەکان و خەوشەکاندا دابنرێت .

- پێویستە داروتەختەکە لەناوەوە بە ووردی پاکبکرێتەوە پێش ڕیزکردنی پیسی شیشەکەو پێشتێکردنی کۆنکرێتەکە ڕاستەوخۆ ئەوەش بە لابردنی خۆڵ و پاشماوەکان و دەتوانرێت ئەو کارەش بکرێت بە بەکارهێنانی ئاو یان هەوای پەستێنراو .

د- ئامادەکردنی برەکان و پاکەتەکان

- چیمەنتۆ: باشتروایە کە قالبی کۆنکرێتی ژمارەیەکی ڕاست لە شکایەری چیمەنتۆ لە خۆبگرێت و ڕێگە نەدرێت کە پێوانەی چیمەنتۆ بە قەبارە بکرێت و لەکاتی بەکارهێنانی چیمەنتۆی فەلدا پێویستە پێوانەکردنی چیمەنتۆ بە کێش بکرێت .

- چەو : بەقەبارە دەپێورێت بە سندوقی پێوانەکردن و پێویستە سندوقەکان پربکرێن بەبێ هەڵرشتن.زیادبونی قەبارەی چەو لەبەرچاو دەگیرێت لە ئەنجامی شێ یان تەربوون و لەکارە بیناسازیە گرنگەکاندا باشتر وایە پێوانەی چەو بەکێش بکرێت .

- ئاو: بە لیتر دەپێورێت یان بە کگم و دەبێت ڕەچاوی بری ئاوی پێشبینیکراو بکرێت لە چەودا .

- زیادکراوەکان : بەزۆری بە کێش دیاریدەکرێن وەک ڕێژە لە چیمەنتۆدا .

٤-٢ قۆناغی کۆنکرێتی تازە(تێکردن) Fresh Concrete

أ- تێکەڵکردن

- جۆری تێکەڵە : پێویستە تێکەڵکردنی کۆنکرێت بە میکانیکی بکرێت نەک بە دەست یان لە جێگەی تێکردندا یان بە ئۆتۆمبێلی تێکەڵکەر Mix یان لە میانەی وێسگەی تێکەڵەی مەرکەزیەوە بکرێت هەروەک لە شێوەکانی(٤-١) یان شێوەی (٤-٢) ڕوونکراوەتەوە. کە ئۆتۆمبێلێکی ١٠ مەتر سێجایی پیشاندەدات بۆ تێکەڵکردن و گواستنەوەی کۆنکرێت،بەڵام لە شێوەی (٣-٤)دا تێکەڵکەرێکی جێگەیی ٠,٧٥ مەتر سێجاییە. خۆ ئەگەر پێویستی زۆر وابخوازێت کە تێکەڵەی کۆنکرێت بەدەستی بکرێت ئەوا دوای ڕاوێژی ئەندازیاری ڕاوێژکاری پرۆژەکە دەبێت لەو حالەتەشدا کاری تێکەڵکردن بە هەڵگێرانەوەی کەرەسەکان دەبێت بە

باشـــی و بەرێژەی ویستراو لەسەر جێگەیەکی رێکی رەق بەهـۆی خاکەنازەوە و پێویســتە چیمەنتـۆ و چەوەکەش پێش زیادکردنی ئـاو تێکەڵبکرێت و لانی کەم بە ٣ جار هەڵدەگێردرێتەوە و دواتر ئاوەکەی تێدەکرێت لەسەرخۆ و بە بری پێویســت بۆ تێکەڵەکـە و کاری هەڵگێرانەوە و تێکەڵکردنەکـەش بەردەوام دەبێت تا بە تەواوەتی تێکەڵ دەبن لە رووی رەنگ و پێکهاتەوە.

تێکەڵە لە جێگەی کارکردن	تێکەڵە لەکاتی گواستنەوەدا	تێکەڵەی لە وێسگەی مەرکەزی دوور لە جێگەی کارکردن
دەستی / میکانیکی	میکانیکی (ئۆتۆمبێلی تێکەڵکەر)	میکانیکی

- ماوەی تێکەڵە : پێویستە کاتی تێکەڵکردن کەمتر نەبێت لە ٢ خولەک دوای دانانی چیمەنتۆ و چەو یان کەمتر نەبێت لە ١ خولـەک دوای تێکردنی ئاو. بۆ ئـەوەی تێکەڵەکە وەک یەکبێـت لە رەنگ و پێکهاتە لەگەڵ رەچاوکردنی زیادنەکردنی خێرایی تێکەڵکەرەکە لە خێرایی دیاریکراو بۆی تـا جیابونـەوەی دەنکۆڵەیی روونـەدات هەروەها نابێت ماوەی تێکەڵکردنەکەش زیادبکرێت بۆ سـەروو ٥ خولەک بۆ هەمان کار .

شێوەی (٤-١) وێسگەی تێکەڵکردنی ناوەندی بۆ بەرهەمێنانی کۆنکرێت

شێوەی(٤-٢) ئۆتۆمبێلی تێکەڵکەری کۆنکرێت توانای ١٠ مەترسێجایی

شێوەی (٤-٣) تێکەڵکەری جێگەیی توانا ٠,٧٥ م٣

شێوەی(٤-٤) ئۆتۆمبێلی پەمپی پاڵنەری کۆنکرێت-٤٢ مەتر

شێوەی(٤-٥) بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تێکەڵە و گواستنەوەی کۆنکرێت و پەمپی پاڵنەر لە تێکردنی یەکێک لە قۆناغەکانی پردی ٦ی ئۆکتۆبەر

ب – گواستنەوە و دەستاو دەستکردن

- پێویستە دوای تێکەڵکردنی تەواو راستەوخۆ کۆنکرێت تێبکرێت لەگـەڵ رەچاوکردنی جیابونەوەی پێکهاتەکان بەشـێوەیەک کە ماوەی نێوان زیادکردنـی ئاوی تێکەڵە و تێکردنـی کۆنکرێـت لە ٣٠ خولەک لەکەشـوهەوای ئاسـاییدا تێپەرنەکات و ٢٠ خولەکیش لە کەشـوهەوای گەرمدا و داشـبرێژرێت پێـش تێپەربوونی ٤٠ خولەک لەکەشـی ئاسـایی و ٣٠ خولـەک لەکەشـی گەرمدا ،

خۆئەگەر ناچار بوو کە ئەو ماوانەی پێشەوە زیاتر بکرێت ئەوا دەبێت زیادکراوە دواخەرەکانی رەقبونی تێبکرێت لەکاتی تێکەڵکردندا دوای رەزامەندی ئەندازیاری راوێژکاری پرۆژەکە بۆ ئەوەی کۆنکرێتەکە وشکنەبێتەوە یان رەقبونێکی سەرەتایی تیادا روونەدات بە تایبەتیش لە جێگا گەرمەکاندا یان هیچ پێکگەیشتن یان جیاکەرەوەیەک روونەدات لە کۆنکرێتی تێکراودا .

- پێویستە هیچ لەرینەوەیەک بۆ کۆنکرێت روونەدات لەکاتی گواستنەوەدا.

- دەبێت گواستنەوە بەپێی ئاستی پرۆژە و قەبارەکەی بێت وەک لای خوارەوە :

- گواستنەوەی کۆنکرێت بۆ سەر روووی زەوی بە بەکارهێنانی سەتل- عەرەبانەی دەستی- عەرەبانەی گەلابە.

- گواستنەوەی کۆنکرێت بۆ ئاستی بەرز ئەوەش بە بەرزکردنەوەی سەتلەکان بە بەکارهێنانی بەرزکەرەوە.

- گواستنەوەی کۆنکرێت بۆ ئاستی ژێر زەوی بەهۆی هێزی کێشکردنەوەوە بە بەکارهێنانی ئاوەڕۆی لار یان لە بۆریدا.

- لەئێستادا پەمپ هەیە بۆ پاڵپێوەنانی کۆنکرێت Concrete Pump بەتێکرایی جیاواز کە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی پرۆژەکەدا ، شێوەی(٤-٤) یەکێک لە پەمپە باڵدارەکان پێشاندەدات بە درێژی ٤٢ مەتر، بەڵام شێوەی(٤-٥) بەکارهێنانی پەمپی کۆنکرێت پیشاندەدات لەیەکێک لە بەرزە پردەکاندا .

- دەکرێت کۆنکرێت لەسەر سەکۆیەکی رەق دابرێژرێت وەک هەنگاوێک بۆ گواستنەوەی بەدەست لەگەڵ رەچاوکردنی بەتاڵنەکردنی تێکەڵەیەکی نوێ لەسەر سەکۆکە تەنها دوای تەواوبوونی گواستنەوەی تێکەڵەیەکی پێشوو .

ج - تێکردن

پێویستە رەچاوی ئەم ئامادەسازیانەی خوارەوە بکرێت لە میانەی کرداری تێکردندا :

- لە حاڵەتی تێکردنی دیوار وپایەدا کە بەرزیەکانیان لە ٢,٥ م تێپەڕناکات نابێت تێبکرێت بەهەموو بەرزیەکەوە و پێویستە لە دیوێکی قالبەکەوە تۆرێک دابنرێت لە بەرزایی کە زیاتر نەبێت لە ٢,٥م و تێکردن لەو دەرچانەوە دەکرێت و دواتر یەکسەر دادەخرێت لەگەڵ رەچاوکردنی دارشتنی کۆنکرێت بەشێوەی میکانیکی .

- لەحاڵەتی تێکردنی زەمینی یان بنمیچی کۆنکرێتیدا بە بەرزی گەورە رەچاوی ئەوە دەکرێت کە بە چین تێبکرێت کە ئەستوریەکەی لە نێوان ٤٠-٥٠سم .

- پێویستە رەچاوی دیاریکردنی ئەو جێگایانە بکرێت کە تێکردن دەوەستێنێت و روووی کۆتایی تێکردن (زەمینی و جسر و پایە) پێشتر پێش دەستپێکی تێکردن.پێویستە راوەستانی تێکردن لەو جێگایانەدا بێت کە هێزی چەمانەوە یەکسانە بە سفر یان بە کەمترین نرخی لەتوانادا بوو. رەچاوی ئەوە دەکرێت کە روووی کۆنکرێت جێبهێڵرێت لە کۆتایی کرداری تێکردندا بەشێوەیەکی لار و زبر لە زەمینەکان و جسرەکان و بەشێوەی ئاسۆیش لە پایەکاندا. بەباش نازانرێت کە تێکردن بوەستێنرێت لەو جێگایانەدا کە هێزی برینی بەرزی تیادایە .

- پێویستە لەهەموو جێگایەک لە جێگاکانی تێکردن سەرەتا جسرە سەرەکیەکان تێبکرێت و دواتر جسرە لاوەکیەکان و دواتر سەربانەکە.

- ئەگەر پلەی گەرمای بەرزبۆوە بۆ ٣٦ پلەی سەدی لە سێبەردا پێویستە رەچاوی ئەم ئامادەسازیانە بکرێت :

١. چەوە گەورە و بچوکەکان لە جێگەی سێبەردا هەڵبگیرێن و دەشتوانرێت چەوی گەورە ساردبکرێتەوە بە بەکارهێنانی ئاورشێنکەر.

٢. ئەگەر چیمەنتۆکە فەل بوو لە سایلۆکاندا پێویستە چەوربکرێت لەدەرەوە بە کەرەسەیەکی تیشکدەرەوەی خۆر، خۆئەگەر لە کیسدا بوو ئەوا لە ژێر کەپرێکی هەواگۆرکێدا دادەنرێت .

٣. ئاوەکە پێش بەکارهێنانی سارد دەکرێتەوە لە تێکەڵەی کۆنکرێتدا بە بەکارهێنانی سەهۆڵ یان هەر هۆکارێکی تر .

٤. چەورکردنی تێکەڵکەرەکان(میکسەرەکان) لەدەرەوە بە توخمی تیشکدەرەوەی خۆر یان داپۆشینی بە چینێک لە گوێنی و دواتر تەرکردنی بە ئاو .

٥. ئاورشێنکردنی قالبەکان بە ئاو پێش تێکردن راستەخۆ .

- تێکردن بەسەر کۆنکرێتی کۆندا :-

پێویستە روووی کۆنکرێتە کۆنەکە بەشێوەیەکی زبر و نارێک جێبهێڵرێت و پێش تێکردنیش پێویستە خۆڵ و

خەوشی لێپاکبکرێتەوە و چەوی پێکەوەنەلکاویشی لێ لابرێت هەروەها شیشی کۆنکرێتەکەش پاکبکرێتەوە بە فلچەیەکی ئاسنی و دواتر هەویری چیمەنتۆکەی تێدەکرێت و ئاورشێن یان رووی کۆنکرێتە کۆنەکە چەور دەکرێت بە توخمێکی راتنجی کە هەلدەستێت بە پێکەوە لکاندنی کۆنکرێتە کۆن و تازەکە بەیەکەوە .

- تێکردنی کۆنکرێتی بارستەیی :-

پێویستە تێکردن لە بەرزایی کەمدا بێت ، ئەوپەری بگاتە بەرزی ١م لەگەل بەکارهێنانی چیمەنتۆی گەرمی نزم(Low Heat) هەروەها دەکرێت کە بۆری لەناو کۆنکرێتەکەدا بچەقێنرێت کە سووری ئاوی سارد پیایاندا گوزەر بکات بۆ دابەزاندنی پلەی گەرمی .

- تێکردنی کۆنکرێت لە ژێر ئاودا :-

رێگای جیاواز هەیە بۆ کۆنکرێتی ژێر ئاو لەوانەش :

١. رێگای هوپەر Tremie

لەم رێگایەدا کۆنکرێت تێدەکرێت لەرێگەی هوپەرێکەوە کە بەسراوەتەوە بە بۆریەکەوە کە تیرەکەی ١٠-١٥سم دەبێت کە دەگاتە زەوی ویستراو کە کۆنکرێتی تێبکرێت بەشێوەیەک رەچاوی ئەوە بکرێت کە کۆتایی خوارەوەی بۆریەکە چووبێتە ناو تێکەلەی کۆنکرێتەکەوە بەشێوەیەک کە بۆریەکە بەرزبکرێتەوە لەکاتی تێکردندا بە تێکراییەک کە رێگا نەدات بە هاتنەدەرەوەی بۆریەکە لە تێکەلەکە بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە ناویەوە وەک لە شێوەی(٤-٦)دایە .

٢. رێگای پالنانی کۆنکرێتی Concrete Pumping

بریتیە لە پێشخستنی رێگای هوپەری بەشێوەیەک کۆنکرێت تێدەکرێت بە پالنانی لە رێگەی بۆری درێژکراوە بۆ زەوی جێگەی تێکردنەکە .

٣. رێگای سەتل Bucket

بریتیە لە دەفرێک لەسەر شێوەی تەریبی لاکێشەیی یان لولەکی کراوەلەسەرەوە و لە خواریشەوە دەرگایەکی هەیە کە توانای کرانەوە و داخستنی هەیە.سەتلەکە پردەکرێت لە کۆنکرێت و سەرەکەی دادەپۆشرێت بە چینێک لە قوماشی مێورێژکراو و دواتر بە هێواشی دادەبەزێنرێت بۆ ناو ئاو تاجێگەی تێکردنەکە و بەتالدەکرێت و دواتر بەرزدەکرێتەوە .

٤. رێگای چەوی تێکراو Grouted Aggregates

توندکەرەوەکان پردەکرێن لە چەو و دواتر پردەکرێن لە چیمەنتۆی هەویری بەهۆی بۆریەوە درێژدەبێتەوە تا بنی گیراوەکە بەشێوەیەک چیمەنتۆکە پال بە ئاوی ناو گیراوەکە دەنێت بۆ دەرەوە و خۆی جێگەی دەگرێتەوە و بۆشاییەکانی نێوان دەنکۆلەکانی چەوەکە پردەکاتەوە.

٥. رێگای کیسی کۆنکرێت Sacked Concrete

تیایدا کۆنکرێتی وشک دادەنرێت لەناو کیسدا کە توانای هەلگرتنی هەریەکەیان بە نزیکەیی ١م³ ببێت و کیسەکان باش پێکەوە دەبەسترێن و دواتر رێزدەکرێن لە جێگەی تێکردنەکەدا لەریزی پێکەوە لکاودا وەک لە حالەتی دروستکردنی دیواردا بەشێوەیەک لەکۆتاییدا کیسەکان دەبنە یەک بارستەی یەکگرتووی تێکئالاو .



شێوەی (٤-٦) تێکردنی کۆنکرێت لەژێر ئاودا بە رێگای هوپەر

د- پرکردنەوە Compaction

مەبەست لەم کردارە (پرکردنەوە) بریتیە لە کەمکردنەوەی بۆشاییەکان لەناو کۆنکرێتدا و دلنیابوون لە تەواو رۆیشتنی تێکەلە کۆنکرێتیە کە بە چواردەوری شیشی کۆنکرێتەکەدا و پرکردنی قالبەکە بە تەواوەتی بۆ ئاستی رێژگەی ویستراو.رێگاکانی پرکردن بریتین لە :

پرکردنەوەی دەستی	پرکردنەوەی میکانیکی		
بۆری پرکردن Tampling Rod	لەرلەرکەری ناوخۆیی Internal Vibrators	لەرەلەرکەری قالب Formwork Vibrators	لەرەلەرکەری رووی Surface Vibrators

شێوەی (٤-٧) شێوەی لەرەلەرکەرێکی میکانیکی ناوخۆیی پیشان دەدات کە بەکارەبا کاردەکات . بەلام شێوەی (٤-٨) بەکارهێنانی لەرەلەرکەر پیشاندەدات لە پرکردنەوەی کۆنکرێتدا . دەکرێت پرکردنەوە بەدەستی بێت ئەگەر بریار نەبێت لەسەر بەکارهێنانی هۆکاری میکانیکی.دەبێت کەسێکی شارەزا هەستێت بە کرداری

پرکردنەوە .پێویستە کرداری پرکردنەوە بەردەوام بێت تا هەموو بڵقە هەواکان دەردەچن یان چینێکی تەنک دەردەکەوێت لە هەویری چیمەنتۆکە لەسەر رووی کۆتایی کۆنکرێتەکە و رێگە نادات بە پرکردنەوەی دوای ئەوە چونکە دەبێتە هۆی لێچوون Bleeding.نابێت لەرەلەرکەری ناوخۆیی بەر شیشی کۆنکرێتەکە بکەوێت لەکاتی پرکردنەوەدا. و نابێت کرداری پرکردنەوەکە ببێتە هۆکاری تێکدانی کۆنکرێتەکە بەهیچ شێوەیەک کە پێشتر تێکراوە یان لابردن و جولانی پیسی شیشەکە لە جێگای . شێوەی(٤-٨) و(٤-٩) دوو جۆری کۆنکرێت پیشان دەدەن لەکاتی تێکردندا بەشێوەیەک لە وێنەی یەکەمدا کۆنکرێتێک دەبێت کە تارادەیەک وشکە و پێویستی بە بەکارهێنانی لەرەلەرکەری میکانیکی هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر.لەکاتێکدا لە وێنەی دووەمدا کۆنکرێتێک دەبێت کە ئەوەندە توانای رۆیشتن و دارشتنی هەیە کە رەنگە پێویستی بە بەکارهێنانی لەرەلەرکەر نەبێت .

ه – رێککردن و کۆتایهێنان Finishing

– مامەڵەکردنی رووەکە بە ئاسایی بۆ دەسکەوتنی رووەیەکی تەلارسازی نەرم ئەوەش بە بەکارهێنانی پلێتێک کە رووەیەکی رێک و لوسی هەبێت بۆ گیراوەی تایبەت رەنگە لە ئەبلاکاج یان ئەسپێست یان کەوانتەر(تەختە) یان ....بێت.

– دەکرێت لەگیراوەکەدا جیاکەرەوەی دیاریکراو بەکاربهێنرێت بۆ دەسکەوتنی رووەیەک کەوا دەربکەوێت لەبەرد دروستکراوە .

– دەکرێت نەخشەی ئەندازیاری دروست بکرێت وەک بازنەکان یان گەلای درەختەکان بەدرێژایی رارەوەکانی باخچەکان .

شێوەی(٤-٧) لەرەلەرکەری کۆنکرێت بە بزوێنەرێکی کارەبایی


شێوەی (٤-٨) تێکردنی کۆنکرێتی وشک تارادەیەک پێویستی بەبەکارهێنانی لەرلەرکەر هەیە بۆ کاتێکی درێژ


شێوەی(٤-٩) تێکردنی کۆنکرێتێکی توانا بەرزی رۆکردن و رۆیشتن کە پێویستی بە بەکارهێنانی لەرەلەرکەر نیە

٤-٣ قۆناغی دوای تێکردن Green Concrete

أ – چارەسەرکردنی کۆنکرێت Curing

بەرگری کۆنکرێت بۆ فشار و هێزی بەرگەگرتن و بەرگریکردنی لە چونەناوەوەی ئاو و جێگیری قەبارەی زیاد دەکات بە تێپەربوونی کات (شێوەی ٤-١٠) بەمەرجێک دۆخێکی گونجاو هەبێت بۆ بەردەوامبونی کارلێکی نێوان ئاو و چیمەنتۆ ئەوەش بە پاراستنی ئاستێکی دیاریکراو و گونجاو لە شێ یان رێگریکردن لە بەهەڵمبوونی ئاو ، کرداری چارەسەرکردن بە کورتی بەم

شێوەیەی لای خوارەوە ئەنجام دەدرێت :

١. یان بە ڕێگریکردن لە بەهەڵمبونی ئاوی کۆنکرێت دەبێت بەداپۆشینی یان داخستنی بۆشاییەکانی بەدانانی سەرپۆشێک یان چینێک بۆ ڕێگری لە بەهەڵمبوون .

٢. یان بە زیادکردنی ئاو دەبێت بە بەردەوامی بۆ جێگرتنەوەی ئەو ئاوەی کە دەبێتە هەڵم .

- لەو کەرەسانەی کە بەکاردەهێنرێن لە چارەسەرکردندا:-

١. ئاو

٢. گوێنی تەر

٣. داپۆشەری ڕێگەگری بەهەڵمبوون وەک (لولەی پلاستیکی یان کاغەزی ڕێگریکەر لە دەرچوونی ئاو) .

٤. پێکهاتە یان زیادکراوە چارەسەریەکان کە کاردەکەن لەسەر ڕێگرتن لە بۆشایی کۆنکرێت .

٥. توخمی تر وەک لمی ئاسایی و کاو توێکڵ و وردەی تەختە و چەوی وورد .

- ڕێگاکانی چارەسەرکردن زۆرن تەنها گرنگەکانیان باس دەکەین :-

١. پرکردن بە ئاو لەسەر شێوەی گۆلی ئاو(لەسەربانی ئاسۆیی و زەمینیەکاندا) .

٢. ئاورشێنکردن- (پاراستنی ڕووەکە بە تەری لە نێوان ماوەی ئاورشێنکردندا لەگەڵ ڕێگە نەدان بە وشکبونەوەی) .

٣. داپۆشین بە گوێنی تەر .

٤. داپۆشین بە لولەی ڕێگەگر لە دەرچوونی ئاو .

٥. چارەسەرکردن بە بەکارهێنانی پێکهاتەی کیمیاوی (دابری شێ-ڕێگر) .

٦. چارەسەرکردن بە هەڵم Steam Curing :

- لەژێر فشاری ئاساییدا (فشاری کەش و هەوا) و ماوەی ١٠-١٦ کاتژمێری پێدەچێت .

- لەژێر فشاری بەرز و ماوەی ٧-٨ کاتژمێری پێدەچێت .

چارەسەرکردن بە هەڵم لە کارگەکانی کۆنکرێتی ئامادەدا ئەنجام دەدرێت کە پرۆسەیەکی ئالۆزە و گرانیشە بەڵام دەبنە هۆی خێراترکردنی کرداری کارلێکی ئاو و چیمەنتۆ و ڕەقبوون بۆ خێراترکردنی بەرهەم و دوورکەوتنەوە لە گرفتەکانی هەڵگرتن و سوود بەخشیشە لە دروستکردنی تێکەڵەی کە ئاوی کەم لە خۆدەگرێت و بەرگری زیاد دەکات و ڕێژەی چونەوەیەکیش کەم دەکات و بەرگریەکی بەرزیشی هەیە بۆ کبریتەکان .



شێوەی(٤-١٠) کاریگەری چارەسەرکردن لەسەر بەرگری کۆنکرێت

ب- لابردنی دار و تەختە و توندکەرەوەکان(گیرەکان)

ئەو ماوەیەی کە پێویستە تێپەڕبێت لە نێوان کاتی تێکردنی کۆنکرێت و لێکردنەوەی دار و تەختەدا دەوەستێتە سەر پلەی گەرما و درێژی ماوەی تەرکردن و جۆری چیمەنتۆی بەکارهاتوو و شێوازی چارەسەرکردن و قورسایی بەرکەوتووی جێگەی تێکراو دوای لێکردنەوە . مەرجە دوای لێکردنەوە کۆنکرێتەکە تووشی هیچ لەرینەوە و درزبردن و تێکچوون نەبێتەوە و نابێت کۆنکرێتەکە تووشی لەرینەوە و بەرکەوتن ببێت لەکاتی لێکردنەوەدا. لەکاتی بەکارهێنانی چیمەنتۆی پۆرتلاندی عادیدا دەکرێت داروتەختە لێبکرێتەوە دوای ماوەیەک کەمتر نەبێت لەم نرخانەی لای خوارەوە :-

- لاکان و پایەکان کە ڕووبەڕووی فشاری تەوەری دەبنەوە ئەوا تەنها دوای ٢٤ کاتژمێر لێدەکرێتەوە .

- جسرەکان و بنمیچەکان دوای ماوەی =٢ل+٢ ڕۆژ

کاتێک ل = درێژی تەری جسر یان تەری بچوکتر لە زەمیندا بەمەتر. بەشێوەیەک ماوەکە کەمتر نەبێت لە یەک هەفتە .

- کێبڵەکان دوای ماوەی = ٤ ل+ ٢ ڕۆژ

ل= دەرکەوتنی کابولی بەمەتر.بەشێوەیەک کەمتر نەبێت لە هەفتەیەک .

- کاتێک داروتەختە و ڕاگرەکان هەڵگری قورسایی زیاتر هەروەک لە حاڵەتی ئەو نهۆمەدان کە کێشی نهۆمێکی تر هەڵدەگرێت کە تازە تێکراوە ئەوا نابێت ڕاگرەکان لێبکرێنەوە تا ماوەی ٢٨ ڕۆژ لەگەڵ وەرگرتنی

هەموو ئەگەرەکان بەشێوەیەک کە ستوون و راگرەکان لەسەر زەمینەیەک بن کە توانای هەڵگرتنی قورسایان هەبێت لەسەریان بەسەلامەتی و دوای ئەوەی کە دڵنیابوون لەبەرگەگرتنی کۆنکرێت دوای ٢٨ ڕۆژ کە مەرجەکانی پرۆژەکەی وەدیهێناوە لێدەکرێتەوە .

- لەکاتی بەکارهێنانی چیمەنتۆی پۆرتلاندی عادیدا یان لەو کاتانەی کە پلەی گەرما دادەبەزێت لە ١٥ پلەی سەدی ئەوا پێویستە بە ئاگابن و لێکردنەوەی داروتەختە دوا بخرێت بۆ ماوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو ماوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا .

ج- خاوێنکردنەوە و سپیکاری

خاوێنکردنەوە ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

- لابردنی ستوونە زیادەکان.
- پرکردنەوەی بۆشاییەکان و جێگە چاڵەکان.
- پاککردنەوەی ڕووی دەرەوەی کۆنکرێت.

ڕێگای پرکردنەوەی بۆشاییەکان :

- جێگە کەموکوریەکان پاک دەکرێتەوە و جەبلە وچەوی لاواز لادەبرێن .
- چاڵەکان تەردەکرێن بە ئاو و دواتر بە جەبلەی چیمەنتۆ و لم دادەپۆشرێن بەرێژەی ١:١ بەکێش .
- جەبلەی چاککردنەوە دادەرێژرێت کە پێکهاتوە لە چیمەنتۆ و لم بەرێژەی ١:٣ بەکێش بەشێوەیەک کە کەمێک دەرکەوتووتربێت لە ڕووی کۆنکرێتەکەوە.و بە نزیکەیی ٢ کاتژمێر وازیلێدێنرێت و دواتر ڕووەکە ڕێکدەکرێت لەگەڵ ڕوەکانی دەوروبەری (باشتروایە کە جەبلەیەکی گراوت ڕاستەوخۆ بەکاربهێنرێت لەو جۆرە کارانەدا) .

- بەلام چارەسەری ڕووی دەرەکی ئەوا بە زۆر ڕێگە دەکرێت لەوانە :

١. پاککردنەوەی ڕووی دەرەکی بە بەکارهێنانی گوێنی و جەبلەی پر لە چیمەنتۆ ئەوەش بۆ پرکردنەوەی کونە بچوکەکان و پێدانی ڕووی کۆنکرێت بە ڕەنگێکی وەکیەکی .

٢. شۆردن بە چیمەنتۆ .

٣. پرژاندن : ئەوەش بە پرژاندنی چینێک لە جەبلەی چیمەنتۆ و لمی وورد لەسەر ڕووی کۆنکرێتەکە .

٤. سپیکاری : بەکردنی چینێک لە جەبلەی چیمەنتۆ و لم دەبێت بە ئەستوری ١:٢ سم و دواتر ڕێککردن یان نەرمکردنەوەی .

سەرچاوە/

١. کۆنکرێت : سیفاتەکانی ، جۆرەکانی ، پشکنینەکانی، دانانی: مامۆستا- د.محمود احمد امام ،وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا / نەوزاد عوسمان عبدالرحمن (نەوزادی موهەندیس) ، چاپخانەی زانا / سلێمانی ، هەرێمی کوردستان- عێراق ،٢٠٢١.

فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فرینی نێودەوڵەتی شارستانی

ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر

بەشی دوانزەهەم

• ئەندازیاری بەڕێز
• خوێنەری بەڕێز

ئاشکرایە فرۆکەوانی بوارێکی فراوانە لە بوارەکانی ئێستای سەردەمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گرنگی تایبەتی هەیە لە نزیک کردنەوە و تێکەڵ بوونی کلتور و نەریتی گەلان هەروەها بۆ تەواوی بوارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا کاریگەری خۆی هەیە .

بەندە وەک دانەری یەکەم فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی فرینی شارستانی ICAO و هەست کردن بە وەی کە تا ئێستا ئەم بوارە لای کۆمەڵی کوردەواری و ئەندازیاران و خوێنەران بوارێکی نوێیە بۆیە بە باشی ئەزانم کە بە (هەلقە) هەر جارەو چەند پێناسەیەک بڵاوبکەمەوە بۆ ڕۆشن کردنەوەی بیری بەڕێزتان و ئاشنابوون بەو بوارە ئەوەندەی ئاسان بێت .

فەرهەنگەکە بە سێ زمانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی بە باشم زانی وەک چۆن خۆی چاپ کراوە بەهەمان شێواز بڵاو بکرێتەوە لەم گۆڤارە تاقانەیەی ئەندازیاراندا . بەهیوای سود وەرگرتن و بە گەورەیی خۆشتان بمان بەخشن لە هەر کەم و کوریەکی زمانەوانی چونکە کاری وەرگێران پسپۆری باشی ئەوێت و بەندەش هەر ئەوەندەی لە توانادایە .

بێ گومان زمان بۆ هەر نەتەوەیەک پایەیەکی گرنگ و بەهێزە بۆ بوون و مانەوەی شان بە شانی هەردوو پایەی (مێژوو و خاک) کە بیسەلمێنێت نەتەوەیەک بوونی هەیە لە سەرووی زەوی وەک هەر نەتەوەیەکی تر.

لەم سەردەمەی ئێستادا کە تە کنەلۆجیا سەراپای کایەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە ئەو کەسانە کەمن کە بەهای دانانی زمان و ڕەنووس و زاراوە سازیەکی یەکگرتووی زانستی بە پێویستییەکی ئەم چەرخە بە گرنگ بزانن بۆ زمانی کوردی .

زمان بە زادەی ژیانی کۆمەڵ دەوڵەمەند دەبێت بە زاراوە و دەستەواژە و پێناسەی کەسێتی و ناوی کەرەستەکان و سروشتی پێشکەوتن لە هە مان کاتدا فراوان بوونی زمان هاوشانە لەگەڵ گەشەسەندنی چالاکی پیشەسازی و بازرگانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی و پارێزگاری کردن و زیندو ڕاگرتنی کەلتوری نەتەوییە . کۆمەڵی کوردەواری پتر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە و دەرفەتی ئەوەی نەبووە فریای خۆسازدان و پێشکەوتن بکەوێت لە بوارەکانی (بازرگانی و پیشەسازی) ، ئەمەندەش بازرگانی کردووە کە لە ئامرازە سەرەتاییەکان

زیاتر هیچی بەکارنەهێناوە بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارە بازرگانییەکان تەنانەت سەرمایەی زۆری نەبووە تا وای لێ هاتووە گەنم بە ترێیان کردوە واتە بەرهەمە خۆماڵییەکانیان ئاڵوگۆڕ پێکردوە بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە و بژێوی ژیانیان .

هەروەهاڵەبواری پیشەسازیدازیاتر ئامرازەسەرەتاییەکانی ڕستن و چنین و ڕاوکردن و شەرکردن و بەرگریکردن و دەربازبوون و خۆشاردنەوەیان بەکارهێناوە ، لە بواری کشتوکاڵیشدا ئامرازی کێڵان ودورینەوە و کوتان و برین و شکانەوەیان دروست کردووە .

بۆیە ئەگەر گوزەرێک بکەین بەناو ووشە و زاراوە و دەستەواژەکان لە زمانی کوردی دا زیاتر دەستەواژە و زاراوەی کشتوکاڵی و پێداویستییەکانی دەبینین ، هەروەها زاراوەی ئەدەبی بەرخوردان و پیاهەڵدان وئەوین و خاک و غوربەت و ئاوارەیی و شین و شەپۆرو لاوانەوە زیاتر زاڵن بەسەر ئەوانی تردا .

بە کورتی زمانەکەمان زۆر هەژارە لە زاراوەی پیشەسازی و بازرگانی و تەکنەلۆجیای سەردەمدا خۆ ئەگەر کەسێک بیەوێت وانەیەکی زاتستی بڵێتەوە یان بابەتێکی زانستی بە زمانی کوردی بنووسێتەوە زۆر ئەستەمە تووشی گیروگرفتێکی زۆر نەبێت لە دۆزینەوەی وشە و زاراوە و دەستەواژە بۆ واتا و زانیارییە زانستییەکان بە تایبەتی ئەو بوارە زانستییانەی کە لە مێژووی ئەم میللەتەی ئێمەدا پاشخانیان نیە و خاوەنی دروستکردن و ئەفراندن نەبێت وەک (کۆمپیوتەر ، سۆفت وێر ، زانستە نوێیەکانی بواری کیمیا و پزیشکی و فرین و فرۆکەوانی و فرۆکە) .

بەندە وەک بەرپرسیارێتی مێژوویی لەم بوارەدا زۆرم هەوڵدا تا لەم سەرەتای چەرخی بەکارهێنانی فرۆکەخانە لە مێژووی میلەتەکەماندا بتوانم ئەوەندەی قەمچی زانیارییەکانم بربکات و پەیبەرم بە واتای تێگەیشتنەکان وەک سەرەتای مێژوویەک ئەم فەرهەنگە ئامادە بکەم بۆ تەواوی ئەو پێناسە و دەستەواژە و ناو و زاراوانەی ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی تا وەک سەرچاوەیەک لەبەردەست فێرخوازان و ئەو کەسانەی خولیای فێربوون و شارەزاییان هەیە لە بواری فرین و فرۆکەوانی ، ئەستەمە توانێیم دەقاودەق ئەو مەبەستە بپێکم کە ئامانجم بووە چونکە زۆر بە زەحمەت توانیومە واتاکان نزیک بکەمەوە بە تایبەتی بۆ ئەو بابەتانەی کە هاوتا و وێنەیان نیە لە زمانی کوردیدا جار بووە چەند ڕۆژێک بۆ مانای یەک زاراوە گەڕاوم تا بتوانم ئەگەر وەک خۆی نەبێت شێوەیەک لە زاراوەکان بەکاربهێنم کە نزیک بێت لە واتاکانەوە هەرچەندە ئەگەر زاراوەکە لەنگیش بێت بەڵام ناچار بووم بەکاری بهێنم .

وشە هەیە لە هەردوو زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی)دا کە واتاکانیان لەبەردەستدایە بەڵام لە زمانی کوردیدا ناتوانرێت وەکو زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی) واتاکان بدۆزینەوە .

هەر بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی (, Fulfill perform , Apply) هەیە کە هاو شێوەکانیان بە زمانی عەرەبی (تطبیق ، اداءْ ، تنفیذ یان أنجاز) بەکاردەهێنرێت بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنها وشەیەک هەیە ئەویش وشەی (جێبەجێ کردن یا کردن)ە ئەو و چەندەها وشەی وەک ئەوانە کە لەم فەرهەنگەدا پێویست بووە بەکاربهێنرێت ، خۆ ڕەنگە لای هەندێ شارەزایانی زمان وشەی تر یان وشەی دارێژراو یا داتاشراو هەبێت یان لە شێوە زاراوەکانی زمانی کوردیدا وەک (هەورامی ، بادینی ، زازایی یان لوری) زاراوە و وشەی پر مانای تر هەبن بۆ هەندێ لەو وشە و تێکست و دەستەواژانە بەڵام مەودای زانیارییەکانی من هەر ئەوەندەیە بۆیە چاوەڕوانی ڕێژنەی وشەی شارەزایانی ئەم بوارەم تا بتوانن ئەم بوارە فراوانتر بکەن .

بەو هیوایەی توانیبێتم کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پربکەمەوە سەرچاوەیەک بۆ خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگەکانی ئایندەی کوردستان بخەمە بەردەست وەک سەرەتایەکیش ئومێدم زۆرە کەسانی بە ئەزموون و شارەزایانی تر بتوانن ئەم بابەتە دەوڵەمەند بکەن و لە کۆتاییدا هیوادارم لە ڕووی زمانەوانییەوە ببەخشرێم لەهەر هەڵە و کەموکوڕییەک یان لەنگەیەک کە هەبێت.

ئەم جۆرە کارانە ئەگەر سەرەتاش بێت یان کەمێک کاڵ و کرچیش بێت بەڵام گرنگ یەکەم هەنگاوە بۆ ئاسۆیەک ڕێچکەی گرتوە دەگاتە مەنزڵ وەکو(گۆران) ی شاعیریش ئەفەرموێ :

هەر کاروانێ ..... بۆ تیشکی خۆر بڕوانێ

کەم بن یا زۆر ..... ئەگەنە خۆر.....!!!

358. Cabin Crew Member :

A crew member who performs, in the interest of safety of passengers, duties assigned by the operator or the pilot-in-command of the aircraft, but who shall not act as a flight crew member.

ئەندامی دەستەی کابینەی ڕێوان :

ئەندامێک لە ئەندامەکانی ئەو دەستەیەی ئەو ئەرکانەی لەلایەن بەگەرخەر یان کابتنی فڕۆکەکەوە پێی ئەسپێردرێت بۆ دابینکردنی سەلامەتی سەرنشینان جێبەجێ ئەکات بەلام بۆی نیە وەک ئەندامێکی فڕۆکەوانەکان کاربکات .

عضو طاقم مقصورة الركاب :

أحد أعضاء الطاقم يؤدي واجبات يسندها إليه المشغل أو قائد الطائرة لتأمين سلامة الركاب، ولكن لا يجوز له أن يعمل بوصفه عضواً في طاقم القيادة .

References: Annex 6 Part I, Part II and Part II, Doc 9734 Part A and Part B, Doc 1002

359. Calendar :

Discrete temporal reference system that provides the basis for defining temporal position to a resolution of one day (ISO 19108).

ڕۆژژمێر :

سیستمێکە ئاماژەیە بۆ کات ، ئامرازێک یان بنەمایەک دەخاتە بەردەست بۆ زانینی کات بۆ تەنها ڕۆژێک.

التقويم :

نظام يشير الى الزمن يوفر وسيلة أو أساس لمعرفة الزمن ليوم واحد .

References : Annex 4, Annex 11, Annex 14 Volume I and Volume II, Annex 15

360.Candela (cd) :

The luminous intensity, in the perpendicular direction, of a surface of 1/600 000 square metre of black body at the temperature of freezing platinum under a pressure of 101 325 newtons per square metre.

توانایی مۆم (cd) :

چڕیەکی ڕووناکی بە ئاراستەی ستونی بۆ ڕووکەشێکی ڕەش ڕووبەرەکەی ١/٦٠٠٠٠٠ مەتر دووجا بێت لە پلەی گەرمای بەستنی پلاتین و فشارێک بە توانای ١٠١٣٢٥ نیوتن بۆ (١) مەتر دووجا.

شمعدان نوع (cd) :

كثافة مضيئة بالإتجاه العمودي لسطح جسم أسود مساحته ١ / ٦٠٠ ٠٠٠ متر مربع بدرجة حرارة إنجماد البلاتين وضغط قدره ١٠١ ٣٢٥ نيوتن لكل متر مربع .

(References : Annex 5)

361. Canopy :

Bare Earth supplemented by vegetation height.

داپۆش / سەرپۆش :

زەویەکی ڕووتەن داپۆشرا بێت بە ڕووەکی بەرز .

الستارة أو الغطاء :

الأرض العارية المكسوة بنباتات مرتفعة .

(References : Annex 4, Annex 15, Doc 9881)

362. Capability :-

The ability of a system to provide a service or perform a function that, either on its own or with other services or functions, can deliver a definable level of performance. This level of performance is measurable within a framework of performance indicators and safety requirements.

توانست / لێهاتویی :

توانای سیستمێکە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەک یان جێبەجێکردنی ئەرکێک بە ئاستێکی دیاریکراو بە تەنیا یان لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی تر یان لەگەڵ چەند ئەرکێکی تر بکرێت ، دەتوانرێت ئاستی کردنەکە لە ڕێگەی دەرکەوتەکان و بە ئەنجام گەیاندن و پێویستیەکانی سەلامەتی (بێوەیی) بپێورێت .

القابلية أو المقدرة :

قدرة النظام على تقديم خدمة أو إنجاز وظيفة بمستوى أداء محدد أما بشكل منفرد أو مع خدمات أو وظائف أخرى و يمكن قياس هذا المستوى من الأداء من خلال مؤشرات الأداء ومتطلبات السلامة .

(References : Doc 9882)

363. Capability Report :

An indication provided by the capability (CA) field of an all-call reply and a squitter transmission of the communications capability of the Mode S transponder (see also "data link capability report").

ڕاپۆرتی توانستی یان لێهاتویی :

نیشانەیەکی پێشکەوتنە لەلایەن بەشی تایبەت بە توانای پەیوەست بە وەڵامی سەرجەم بانگەوازە تایبەتەکانی پەیوەندیەکانی سیستمی وەڵامدەری جۆری S (سەیری ڕاپۆرتی لێهاتویی لکی زانیارییەکان بکە) .

تقرير القابليةِ أو المقدرة :

إشارة تقدم من قبل الحقل الخاص بالقابلية المتعلقة بإجابات جميع النداءات الخاصة بإتصالات منظومة المجيب للنمط S (أنظر أيضا تقرير قابلية وصلة البيانات) .

(References: Doc 9684, Doc 9924)

364. Capability Report :

Information identifying whether the transponder has a data link capability as reported in the capability (CA) field of an all-call reply or squitter transmission (see Data link capability report).

ڕاپۆرتی توانست یان لێهاتویی :

چەند زانیارییەکە دەری ئەخات کەئایا سیستمی وەڵامدەر لکێنراوە بە تواناکانی لکی زانیارییەکانەوە ، وەکو ئەوەی پەسەندکراوە بە لێهاتویی ، وابەستە بە وەڵام دانەوەی هەموو بانگەوازەکان (دووبارە سەیری ڕاپۆرتی توانستی لکی زانیارییەکان بکە) .

تقرير القابلية أو المقدرة :

معلومات تبين فيما إذا كانت منظومة المجيب مجهزة بقدرات وصلة بيانات كما مثبت بالقابلية المتعلقة بإجابات جميع النداءات (أنظر أيضا تقرير قابلية وصلة البيانات) .

(References: Doc 9688, Doc 9871)

365. Capacitor Discharge Light :

A lamp in which high-intensity flashes of extremely short duration are produced by the discharge of electricity at high voltage through a gas enclosed in a tube.

تیشکێکی چڕی هاوێژراو :

چرایەکە بریسکەیەکی چڕی تێدایە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت بەرهەم ئەهێنرێت بە دەرچونی کارەبایەک بە ڤۆلتیەکی بەرز لە ڕێگەی گازێکی پەنگکراو (پەنگخواردو) لە بۆرییەکدا.

ضوء إطلاق مكثّف :

مصباح فيه ومضات كثافة عالية لمدة قصيرة جدا يتم إنتاجها بإطلاق كهربائية ذات فولتية عالية من خلال غاز محصور في أنبوب .

(References : Annex 14 Volume I)

366. Capacity :

The maximum number of aircraft that can be accommodated in a given time period by the system or one of its components (throughput).

قەبارە – جێ بوونەوە :

بەرزترین ژمارەی فڕۆکە کە سیستمێکەوە بتوانێت وەری بگرێت یان وەربگێرێت لەلایەن یەکێک لە بەشەکانی سیستمەکەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا .

السعة أو الإستيعاب :

أقصى عدد من الطائرات يمكن إستيعابه من قبل النظام أو أحد مكوناته خلال فترة زمنية محددة .

(References : Doc 9882)

367. Capital Assets :

Assets, whether tangible or intangible, acquired with the expectation that they will remain in service for a number of accounting periods. (Compare fixed assets) .

ڕەچەڵەکە سەرمایەداریەکان :

ڕەچەڵەکەکان کە بە دەست دەگیرێن یان نەگیرێن و بتوانرێت بەدەست بهێنرێن لەگەڵ پێشبینی بەردەوامی کارکردنیان لە زمارەیەک لە ماوەکانی ژمێرکاریدا (سەیری ڕەچەڵەکی جێگیربکە بۆ مەبەستی بەراوردکاری) .

الأصول الرأسمالية :

أصول ملموسة أو غير ملموسة يتم الحصول عليها مع توقع إستمرارها في الخدمة لعدد من الفترات المحاسبية (أنظر الأصول الثابتة لغرض المقارنة).

(References : Doc 9161, Doc 9562)

368. Capitalizing Expenditure :

The recording and carrying forward into one or more future financial periods as a depreciable asset any costs the benefits of which will be realized over the period(s) concerned.

خەرج کراوی سەرمایە :

تومارکردن و بەرێکردن هەر تێچوویەک کە سودەکانی بەدەست بهێنرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا (یان لە چەند ماوەیەکدا) ، ئەمەش دەگوازرێتەوە بۆ ماوەیەک یان ماوەکانی دارایی وەک ڕەچەڵەکێک بتوانرێت بۆ بەکارهێنان .

الإنفاق الرأسمالي :

تسجيل و ترحيل أي تكاليف سيتم تحقيق منافعها خلال الفترة (أو الفترات) المعنية ، وهذه ترحل الى فترة أو فترات مالية كأصل قابل للإستهلاك .

(References : Doc 9161, Doc 9562)

369. Captain :

Master of a ship or pilot-in-command of an aircraft, commanding officer of a warship or an operator of any other vessel.

کابتن :

سەرکردەی کەشتییەک یان سەرکردەی فڕۆکەیەک یان ئەفسەری سەرکردەی کەشتییەکی جەنگی یان کەسێکە کە هەر کەشتییەکی تر دەخاتە کار .

القبطان :

ربان السفينة أو قائد الطائرة أو ضابط القيادة لسفينة حربية أو الشخص الذي يقوم بتشغيل أي سفينة أخرى .

References : Doc 9731 Volume I , Volume II and Volume III

370. Cargo :

Any property carried on an aircraft other than mail, stores and accompanied or mishandled baggage.

کاڵاکان :

هەر بابەتێک کە بە فڕۆکە بگوێزرێتەوە جگە لە پۆستە و هاوکاری فڕۆکەکە و کەل و پەلی ڕێوان یان کەل و پەلە ونبووەکان .

البضائع :

أي ممتلكات منقولة على الطائرة بإستثناء البريد وإمدادات الطائرة والأمتعة بصحبة الركاب أو الأمتعة المفقودة .

(References : Annex 9, Annex 17, Doc 9957)

371. Cargo Aircraft :

Any aircraft, other than a passenger aircraft, which is carrying goods or property.

فڕۆکەی بار (کارگۆ) :

هەر فڕۆکەیەک جگە لە فڕۆکەی گەشتیاران کە کاڵایان هەڵگرتوە یان کەرەستەی تایبەت بە خاوەندارێتی کەسی هەڵگرتبێت .

طائرة الشحن :

أي طائرة عدا طائرات المسافرين التي تحمل سلع أو مواد ذات

ملكية خاصة .

(References : Annex 18)

372. Carrier-To-Multipath Ratio (C/M) :

The ratio of the carrier power received directly, i.e. without reflection, to the multipath power, i.e. carrier power received via reflection.

هۆی گواستنەوەی هەمەجۆری تێکرایی زانیارییەکان :

توانای تێکرای ئامرازی ڕاستەوخۆی گواستنەوەی زانیارییەکان ، بە واتایەکی تر توانای گواستنەوەی زانیارییەکان بێئەوەی کار بکاتە سەر هێز یان توانای ڕێگا جۆراو جۆرەکانی تر بە واتایەکی تر کار نەکاتە سەر هێزی ڕێگای گواستنەوەی ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی خۆیەوە کراوە .

وسيلة معدل نقل البيانات بطرق متعددة :

نسبة أو معدل القدرات المباشرة لوسيلة نقل البيانات بمعنى آخر دون التأثير على قوة أو قدرة الطرق المتعددة بمعنى آخر قوة وسيلة نقل البيانات كانت من خلالها.

(References : Annex 10 Volume III)

373. Carrier-To-Noise Density Ratio (C/No) :

The ratio of the total carrier power to the average noise power in a 1Hz bandwidth, usually expressed in dBHz .

ئامرازی گواستنەوە/ تێکرایی چڕیی ژاوەژاو :

تێکرای کۆی هێزی ئامرازی گواستنەوە کە بۆ تێکرای هێزی ژاوەژاو لە (١) هێرتزدا لە چوارچێوەی گوژمەی لەرەلەرەکان کە بە شێوەی dBHz ناوزەد دەکرێت .

وسيلة نقل - معدل كثافة الضوضاء :

معدل القوة الإجمالية لوسيلة النقل منسوبة الى معدل قوة الضوضاء في ١ هيرتز من نطاق حزمة الترددات التي عادة يعبر عنها بـ dBHz .

(References: Annex 10 Volume III)

374. Cartographic Map :

A representation of a portion of the Earth, its culture and relief, with properly referenced terrain, hydrographic, hypsometric and cultural data depicted on a sheet of paper.

نەخشەی سروشتی زەوی :

وێناکردنی وردەکارییەکانی بەشێک لە زەوییەک بەو تەلار و بینا و بەرزی و نزمیانەوە کە هەیە لەگەڵ زانیارییەکانی هایدرۆگرافی و پێوانەی بەرزییەکان لەسەر لاپەڕەیەکی کاغەز دروست بکرێت.

رسومات الخرائط :

تمثل الرسم التفصيلي لجزء من الأرض ، بما عليها من أبنية وتضاريس ، و بيانات هيدروغرافية و قياسات الارتفاعات والأبنية على صفيحة ورقية .

(References : Doc 9906 Volume 2)

375. Cash Flow :

The net amount of money received by an entity over a given period .

وروژمی نەختینە :

پوختەی ئەو برە پارەیەیە کە قەوارەیەک وەری ئەگرێت لە مەودای ماوەیەکی دیاری کراودا .

التدفق النقدي :

المبلغ الصافي من الأموال التي يتسلمها أي كيان على مدى فترة معينة .

(References : Doc 9161, Doc 9562)

376. Categories of Aeroplanes :

The following five categories of aeroplanes have been established based on 1.3 times the stall speed in the landing configuration at

maximum certificated landing mass :
Category A - less than 169 km/h (91 kt) IAS
Category B - 169 km/h (91 kt) or more but less than 224 km/h (121 kt) IAS
Category C - 224 km/h (121 kt) or more but less than 261 km/h (141 kt) IAS
Category D - 261 km/h (141 kt) or more but less than 307 km/h (166 kt) IAS
Category E - 307 km/h (166 kt) or more but less than 391 km/h (211 kt) IAS.

جۆری فڕۆکەکان :
فڕۆکەکان بەم پێنج پۆلینەی خوارەوە بەپێی ١,٣ ی خێرایی دیاریکراو دەپۆلێنرێن بۆ کردەی دابەزین بە مەبەستی نیشتنەوە بۆ بەرزترین کێشی ڕێگەپێدراو :
جۆری A : خێرایی هەوایی دیاریکراو لە ١٦٩کم / ساتێک (٩١ گرێ) کەمتر بێت .
جۆری B : خێرایی هەوایی دیاریکراو لە ١٦٩کم / ساتێک یان زیاتر و کەمتر بێت لە ٢٢٤کم/ ساتێک (١٢١ گرێ) .
جۆری C : خێرایی هەوایی دیاریکراو لە ٢٢٤ کم / ساتێک (١٢١ گرێ) یان زیاتر بەڵام کەمتر بێت لە ٢٦١ کم / ساتێک (١٤١ گرێ).
جۆری D : خێرایی هەوایی دیاریکراو لە ٢٦١ کم / ساتێک (١٤١ گرێ) یان زیاتر بەڵام کەمتر بێت لە ٣٠٧ کم / ساتێک (١٦٦ گرێ) .
جۆری E : خێرایی هەوایی دیاریکراو لە ٣٠٧ کم / ساتێک (١٦٦ گرێ) یان زیاتر بەڵام کەمتر بێت لە ٣٩١ کم / ساتێک (٢١١ گرێ).

فئات الطائرات :
وزار في الآونة الأخيرة عدد من الأطباء الإيطاليين والأرجنتينيين قرية موسوميلي للقاء السلطات، وأطفال المدارس، والزملاء المستقبليين، وكذلك بهدف التعرّف على أجواء القرية .

تعد قرية موسوميلي في صقلية جزءًا من موجة المجتمعات الإيطالية التي تقدم منازل متداعية للبيع بأسعار منافسة، بالنسبة للجراح ليوناردو رولدان، المقيم في مدينة روساريو الأرجنتينية، فإن الانتقال إلى صقلية يعد أكثر من مجرد تحول مهني في مسيرته المهنية، إنه «خيار عيش حياة مختلفة، مغايرة عن تلك التي أعيشها في الأرجنتين»، على حد تعبيره .

plain_textCredit: Maurizio Di Maria

يقول رولدان: الذي عاش سابقًا في شمال إيطاليا، إنه لم يدرك أبدًا مدى جمال صقلية حتى اكتشف موسوميلي، ما ساعده أيضًا للتغلب على بعض الأفكار المسبقة حول الجنوب العميق التي اكتسبها خلال إقامته في الشمال.

ويصف رولدان القرية قائلًا إنها «أشبه بعالم آخر، هادئ وسلمي، حيث يعيش السكان المحليون أسلوب حياة بسيط»، مضيفًا أنه أدرك «أنه ينبغي علينا جميعًا، في مرحلة ما، أن نبطئ من وتيرة حياتنا ونأخذ الأمور بسهولة، ونستغرق المزيد من الوقت للاستمتاع بالأمور الجميلة» .

وبالنسبة لرولدان، تشكل موسوميلي فرصة ليعيش حياة وتيرتها أبطأ، ويستغل وقت فراغه مستمتعًا بأكثر ما يحب ممارسته، أي الركض عبر تلال القرية البكر المليئة بمراعي الأغنام، واستكشاف عجائب صقلية .

ويخطط رولدان للانتقال من الأرجنتين مع عائلته، ويقوم بتفقد بعض العقارات في القرية .

ويقول رولدان: «لقد قام مجلس المدينة بعمل رائع من خلال مخطّط بيع المنازل الرخيصة، وفي مرحلة ما، بمجرد أن أستقر، قد أشتري وأعيد تصميم أحدها، كمشروع حياة من دون أي عجلة» .

يقول رولدان عن موسوميلي «إنها عالم آخر : هادئ ومسالم، حيث يعيش السكان المحليون أسلوب حياة بسيط»، plain_textCredit: Courtesy Mussomeli كبداية، يخطط رولدان للانتقال إلى منزل ريفي مع حديقة في ضواحي موسوميلي، وفي حال تم تمديد عقده لمدة عام، فسيكون سعيدًا بالشروع في مغامرة إعادة تصميم منزل بسعر يورو واحد، أو منزل بخس الثمن، ليصبح مكانًا يمكن أن يعتبره «موطنًا للمستقبل».

سيسمح الانتقال إلى موسوميلي لرولدان أيضًا بإعادة الاتصال بجذوره الإيطالية، نظرًا لأن أربعة من أجداد أجداده هاجروا إلى الأرجنتين من إيطاليا .

خلال السنوات الأخيرة، باعت القرية أكثر من ٣٠٠ عقار رخيص، بدءًا من ٥ آلاف يورو، و ١٥٠ منزلًا بقيمة يورو واحد لكل منها، مما جذب المهنيين الأجانب.، plain_textCredit: Courtesy Mussomeli .تمر الأرجنتين راهنًا بأزمة اقتصادية، وهو ما شكّل عاملًا مقرّرًا للانتقال بالنسبة لطبيب الأطفال الإيطالي الأرجنتيني دييغو كولابيانتشي، من روساريو أيضًا.

ويحتمل أن تنضم زوجة كولابيانتشي، طبيبة أمراض نسائية، إلى صفوف الأطباء في موسوميلي أيضًا.

ويقول كولابيانتشي إنه يتوق إلى تجربة جديدة في بيئة هادئة محاطة بالطبيعة، حيث نملك فرصة الاستمتاع بمأكولات صقلية الرائعة والأصيلة .

يقول كولابيانتشي: «لقد درست في إيطاليا، نحن نحب العيش في إيطاليا ونفتقدها»، plain_textCredit: Courtesy Mussomeli و تعد فكرة اقتناص فرصة شراء الممتلكات المتداعية وتجديدها للمساعدة بإحياء الحي القديم مغرية بالنسبة لكولابيانتشي، إلا أنه يريد أن يأخذ المشروع بتروٍّ .

ويضيف: «سنقضي العام الأول نتكيف مع المحيط الجديد، لكن حلمي هو البقاء هناك والاستقرار إلى الأبد، لذلك في مرحلة معينة، سيكون شراء منزل بسعر يورو، أو منزل رخيص مهجور بحال أفضل، بمثابة خيار» .

يقول ترابي إن العمل في صقلية سيسمح له أيضًا بأن يعيد الاتصال بتراثه الصقلي.، plain_textCredit: Courtesy Mussomeli أما بالنسبة للاختصاصي بالجهاز الهضمي المقيم في مدينة بوينس آيرس، إدجاردو ترابي، فإن العمل كطبيب في موسوميلي، يمثل تحديًا مزدوجًا.

ويقول ترابي: «أريد البدء بالقيام بأعمال مختلفة، وأرى أمورًا مختلفة. قبل كل شيء، أود أن أقوم بصدمة احترافية وعندما زرت موسوميلي، شعرت بهذه الطاقة تتدفق عبر القرية، إنها مليئة بالحياة».

ويشير ترابي إلى أن العمل في صقلية سيسمح له أيضًا بإعادة الاتصال الكامل بتراثه الصقلي، إذ أن ثلاثة من أجداده جاؤوا من مدينة كالتانيسيتا، وموسوميلي تعتبر جزءًا من المقاطعة ذاتها، لذلك لا يعتقد أن يكون الأمر مجرد مصادفة.

پارامیتریی بەرانبەر بە پارامیتریزم جینۆلۆجیای دیزایینی پارامیتریی زەها حەدید



دکتۆر.هوشیار قادر رسول
ئەندازیاری ڕاوێژکار

- پێشەکی: بیناسازی هاوچەرخ گەرانی بەردەوامە بە دوای فۆرمی جیاوازدا ئەمەش لە دەرەنجامی تواناکانی پرۆسەی دیزاینی هاوچەرخ . هەرچەندە ڕێکارەکە جیاوازی نیە لەگەڵ دۆخەکانی پێشوو ، چونکە بۆ گەیشتن بە چارەسەر هەمان هەنگاوەکان پەیرەو دەکرێن. ئەگەرە جیاوازەکان بە پاکێجەکانی مۆدێلکردنی ٣ ڕەهایی دەستپێدەکەن کە لەم ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت و میعماریش بە زیادکردنی فیچەری زیادە چارەسەری فۆرمی بیناکان دەکەن. بەم شێوەیە زمانێکی بیناسازی تر دۆزرایەوە کە بەردەوام بەهۆی ئەم ئامرازە نوێیەوە لە پەرەسەندن و گەشەکردندایە. تا ئێستاش میعمار کاتێکی زۆر بەسەردەبات و لای ئەستەنگە شوێنکەوتەی ئەم گۆرانکارییانە بێت .

- سەرەتاکانی بیناسازیی پارامیتری

(پاتریک شۆماخر) دەڵێت: فەلسەفەی بیناسازیی نوێ، بیناسازیی لیمیتە لۆگاریتمییەکانە وە یان (بیناسازیی پارامیتریی)، هەر خۆی (شۆماخر) یەکەم کەس بوو لە ساڵی ٢٠٠٨ تێرمی (پارامیتریکیسزم Parametricism) بۆ ئەو جۆرە بۆچوونە بەکارهێنا پێش ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان بلاوبێتەوە یان ببێتە بۆچوونێکی جیهانیی .

شوماخر لە کتێبی (The Autopoesis of Architecture) دا هەوڵ دەدات تیۆری عیمارەی پارامێتری ڕوون بکاتەوە، کە نووسینەوەی ئەو کتێبە ١٥ ساڵی خایاند و لە هەزار و دوو سەد لاپەڕە پێکهاتووە . شوماخەر پێی وایە کە عیمارەی پارامێتری توانیویەتی هەموو توخمە بیناسازییەکان یەکبخات و بیانگۆڕێت بۆ توخمە لۆگاریتمیەکان یان دیاریکەرە لۆگاریتمییەکان (لیمیتەکان- Algorithms Limits) کە گۆڕین و فۆرمکردنیان ئاسانە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکان و فۆرمەکانی پرۆژەکە و پەیوەندییەکانی بیناکە لەگەڵ دەوروبەرەکەی و دوورکەوتنەوە لە مۆدێلە ئەندازەییە کلاسیکییەکان (شەشلا، قوچەک ، هەرەم ، تۆپ). ئەم فۆرمانە، وەک شوماخەر دەیبینێت، ئەگەر پێکەوە کۆبکرێنەوە بۆ پێکهێنانی کۆتافۆرمی بیناکان ، پەیوەندییەکی مەجازی بەهێز لە نێوانیاندا بەدەست ناهێنن ، بەڵکو دیماگۆگییەکی بیناسازی و شارستانی دروست دەکەن بەبێ ئەوەی زمانێک هەبێت یەکیان بخات .

بەرانبەر بەوە فۆرمی وا هەن کە توانای لەیەکتر نزیک بوونەوەیان هەیە و پێکهاتەی وا دروست دەکەن کە پەیوەندی نێوان توخمەکان هاوسەنگ و بەهێز بن،

ئەو فۆرمانە عیمارەی پارامێتری پێکدەهێنن. هەروەک چۆن ئەو هێلانەی کە شێوە ئەندازەییە کلاسیکییەکان پێدەکێشرێن، هێلی نەگۆڕن و نەرم نین، بەلام هێلی دیزاین لە عیمارەی پارامێتریدا هێلی ئاسان و نەرمن و دەتوانن بلۆکی نەرم و جیاواز پێکبهێنن، و هەمیشەش پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە. هێلەکان لە عیمارەی پارامیتریدا ئەو ڕووتەختانە (Plane) پێناسە دەکەن کە دەتوانرێت بچەمێنرێنەوە و بگۆڕدرێن، بۆ شێوەی جۆراوجۆر و جیاواز کە دەتوانرێت پارچەی مۆبیلیات یان بینا دروست بکەن. هەروەها ڕووتەختەکانیش لە نێوان خۆیاندا کوتلە (Mass) دروست دەکەن کە دەتوانرێت لە ڕێگەی هێلە نەرمەکانیانەوە جارێکی تر کۆبکرێنەوە و تێکەڵ بکرێن و دواتر یەک کوتلە دروست بکەن.

بەکارهێنانی پرنسیپەکانی عیمارەی پارامیتری لە دیزایینی گەرەک و شارەکاندا
(ئۆفیسی زەها حەدید)

سەرەڕای جیاوازی وەزیفە و قەوارە لە پرۆژەکانی بیناسازیی پارامیترییدا، سەرجەم ئەو پرۆژانە خاوەن پێکهاتەی بەهێز و لێکگرێدراو و پرەنسیپی هاوشێوەن بە شێوەیەک جۆرێک لەیەکچوون لە نێوانیاندا هەیە .

ئەو بیناسازییە پشت بە کۆمەڵێک پرەنسیپ دەبەستێت کە دەتوانین بە پرەنسیپی پۆزەتیڤ ناویان ببەین و ئەو بیناسازییە بەکاریان دەهێنێت هەروەها پرەنسیپی نێگەتیڤ کە ئەو جۆرە بیناسازییە هەمیشە هەوڵی خۆ لێ دوورخستنەوەیان دەدات .

له پرەنسیپە پۆزەتیڤەکان :

– بلۆکەکان دەبێت نەرم بن، شل بن ، بە ئاسانی دروست بکرێن .

– دەبێت زیرەکی فۆرماتیڤیان هەبێت ، واتە پەیرەوی شوێن و دیاریکەرانی زیرەک بکەن بۆ نمونە : تایبەتمەندی ئەو ماددانەی کە لێی دروست دەکرێن ، و پێوانەکان و یاسا پێکهاتەییەکان بپارێزێت و ڕێزیان لێ بگیرێت. دڵنیا بین لەوەی کە هەر چارەسەرێک دیزاینەر هەڵیدەبژێریت، ئەم (تایبەتمەندی و پێوانە و یاسایانە) دەپارێزێت وە هەروەها هەر سنوورێکی تریش وەک شێوازەکانی بەرهەمهێنان و .....

– دەبێت جیاوازی لە نێوان فۆرمەکاندا هەبێت، بەڵام لێکگرێدانی پێکهاتەکان پێکەوە بپارێزرێت ، ئەم جیاکارییە دەکرێت زیرەکیش بێت ، واتە دەتوانرێت بگونجێندرێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێک سنوور (Limit) کە دەبێت پارێزگاری لێ بکرێت ، وەک پێکهێنانی کۆمپۆزیشنی پرۆژە بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە کرانەوە ڕووەو تیشکی خۆر و پەیوەندیی بە ئەندازیاری لووڤەر و کراوەکان (Louvers and opens)، و ئەمانە هەمووی لە پێناوی دەرخستنی بلۆک و ڕووە تەخت و هێلەکانیش .

لە پرەنسیپە نێگەتیڤەکانیش، کە عیمارەی پارامیتری بەردەوام هەوڵی خۆلێ دوورکردنەوەی دەدات :

– ڕەتکردنەوەی بنەما تەقلیدییەکانی وەک دیزاینی فۆرمە کلاسیکیەکان بە ستراکچەری نەگۆڕ، وە هەروەها (دووبارەبوونەوە) یان (وەک یەکبوون) – سیمیتری

– لە فۆرمەکاندا، و وەهەروەها کۆکردنەوەی فۆرمە جیاوازەکان لەنێوان خۆیاندا، هەربۆیە بیناسازی پارامێتری داوای ئیلهام وەرگرتن لە فۆرمەکانی ئۆرگانیکییە سروشتییەکان دەکات .

یەکێک لە بیناسازە پێشەنگەکانی ئەم بوارە ئەندازیاری بیناکاری و بیناسازی (فرای ئۆتۆ)یە، کە چادری بەکارهێناوە. لە پرۆژەکانیدا وەک لە سروشتدا هەیە، هاتووە ئەمیش بە شێوەیەکی ئینشائی ئەو فۆرمانەی جێگیر کردووە. (فرای ئۆتۆ) کۆمپیوتەری بەکارنەهێنا، بەڵکو تاقیکردنەوەی لەسەر مۆدێلی بچووکی چادرەکان دەکرد. ئەمڕۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی لۆگاریتمی دیجیتالییەوە دەتوانرێت ئەو فۆرمانە بدۆزرێتەوە کە شێوەی ئۆرگانێکی سروشتی هەیە و لە ڕێگەی حیساباتی پێکهاتەیی دیجیتالییەوە بە شێوەیەکی ئینشائی جێگیردەکرێت .

- لەو توێژینەوانەی کە (شوماخەر) لە قوتابخانەی کۆمەڵەی بیناسازی بەریتانی ئەنجامی دەدان، ئەهات فۆرمی ئۆرگانیکی سروشتی دەگواستەوە و دواتر لە ڕێگەی دیزاینی پارامێتریییەوە ئەو فۆرمانەی دەگۆری و دووبارە تەشکیلی دەکردنەوە (Re-figuration).



تەنە ئۆرگانیکیە کانی بوونەوەرە سروشتییە کان کە بیناسازی پارامێتری و پێکهاتە کانی ئیلهامیان لێ وەرگرتوون



بیناسازی چادر –ستادی ئۆلۆمپی میونیخ .. –فرای ئۆتۆ ١٩٧٣–

- پارامێتریزم : پارادایمێکی نوێی دیزاین

زاراوەی (پارامێتریزم) ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو توخمە کانی بیناسازی خەریکە دەبنە پارامێتری شل و بەم شێوەیە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کۆنتێکستە کەدا دەگونجێن. لە بری ئەوەی چەند ماددەیەکی ڕەقی ئەفلاتۆنی (شەش لا، سلندەر و هتد) کۆبکەینەوە بۆ پێکهاتەی ساده – وەک هەموو شێوازە کانی تری بیناسازی کە بۆ ماوەی ٥٠٠٠ ساڵ کردیان – ئێستا کار لەگەڵ فۆرمی گۆڕاو و گونجاوی سروشتی دەکەین کە کۆدەبنەوە بۆ کێڵگە یان سیستەمی جیاوازی بەردەوام .

پارامێتریزم چەندین سیستەم پێکەوە کۆدەکاتەوە کە پەیوەندییان لە نێوان یەکتر و پێکیشەوە لەگەڵ ژینگەدا هەیە. پێنج ئەجێندا هەوڵدەدەن بەردەوام بۆچوونی نوێ بخەنە ناو پارادایمی پارامێتری :

- جیاکردنەوەی - نێوانیی (inter-articulation) پارامێتری سیستەمە لاوەکییەکان ، - زەقکردنەوەی پارامێتری ، - وێناکردنی پارامێتری، - وەڵامدانەوەی پارامێتری و - شارسازیی پارامێتری.

لە نێوان هەر پێنج ئەجێنداکەدا، (شارسازیی پارامێتری) بناغەیەکی تۆکمە بۆ چوارەکەی تر دابین دەکات . گەر گریمان کە کوتلەکردنی شارەکان وەسفی دروستبوونی زۆرێک لە بیناکان دەکات، کە تێیدا گۆڕاوە ئێربانەکانی (Urban variables) وەک (کوتلە و دووریی و ئاراستەکان) لە ڕێی وەزیفە سکرییییەکانەوە دەهێننە هەلەکەسەما. سەرەڕای ئەوەش، مۆدێلکردنی سیستماتیکی مۆرفۆلۆژیای بیناسازی کاریگەرییە بەهێزەکانی شار بەرهەم دەهێنێت و ئاراستە مەیدانییەکان ئاسان دەکات .



لە ناو پارامێتریزمدا پەیوەندی نێوان فابریکی شار و بیناکانی ناو ئەو فابریکە پشت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی سیستەمی دروستکردن generative systems دەبەستێت کە کێڵگەکان (ئێربان فابریک) زۆردەکەن مۆدیلیان بۆ دروست دەکەن . کە لە بەرانبەردا پراکتیزەی تاکایەتییەکان singularities (فیگەرە شارستانییە بەرچاوەکان) دەکەن ، کە دەوری لاندمارکی شار دەبینن بە ئاستێکی بەرزی چریی گێشتالتەوە (ئایکۆنی). یان بە پێچەوانەوە : چۆن فیگەری ئایکۆنی بەهێز دابنێین

کە بتوانێت سپۆنسەری بواره بەردەوامەکان بکات کە فراوانتر و جیاوازتر دەبن .

-دیزایینی پارامیتریی

ڕۆبەرت وودبێری (Robert Woodbury)، لە کتێبە کەیدا Elements of Parametric Design (٢٠١٠)، پێشنیاری ٣ تایبەتمەندی سەرەکی لە بیرکردنەوەی دیزاینی پارامێتری (PDT) دا :

- بیرکردنەوەی ئەبستراکت، - بیرکردنەوەی ماتماتیکی،
- بیرکردنەوەی ئەلگۆریتم .

هەروەها پرۆسەی بیرکردنەوەی دیزاینی پارامێتری کە لە وێنەی خوارەوەدا نیشان دراوە دەتوانن ئەم بۆچوونە بسەلمێنن .

- بیرکردنەوەی ئەبستراکت بنەمای دیزاینی پارامێتریيە، ئەبستراکتکردنی بیرۆکەکانی دیزاین یان چەمکەکانە بۆ (هێما ، داتا ، گۆڕاو ، فەنکشن) و هتد .

- بیرکردنەوەی ماتماتیکی بە شێوەیەکی سەرەکی (چۆنیەتی وەرگێرانی تیۆرمی بیرکاری و ستراکچەری داتا بۆ ئەلگۆریتمە بەسوودەکان) لە خۆ دەگرێت .

- جەوهەری بیرکردنەوەی ئەلگۆریتمیش بریتیە لە چارەسەرکردنی کێشەکان هەنگاو بە هەنگاو. لە دیزاینی پارامێتریدا ، بیرکردنەوەی ئەلگۆریتم بە واتای (نووسینی ئەرکەکان بە زمانەکانی سکریپتکردن) دێت. (ئەرکەکان) بەشێکن لە (فۆرمی دیجیتاڵی)، (ئەرکی دەستکاریکردن -editing -) بریتیە لە (دەستکاریکردنی - editing - فۆرمی دیجیتاڵی) .



پرۆسەی دیزاینی پارامێتری

- ئایا پرۆسەی بیرکردنەوەیەکی تایبەت لە دیزاینی پارامێتریدا هەیە ؟

وەڵام: هێشتا هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو نیە. بەڵام ئەمەش گرنگ نییە کە چ جۆرە دیزاینێک پرۆسەی دیزاینی تایبەتی خۆی هەیە. وێنەی سەرەوە پرۆسەیەکی بیرکردنەوەی دیزاینی پارامێتریيە .

سەرەتا چەمک و بیرۆکەکان لەسەر بنەمای (پێداویستی و ئەرکەکان) لەبەرچاو دەگیرێت، ئەویش بە (سکێچ، دەق، یان داتا).

دووەم: دیزاینەران بەردەوام بیرۆکە و چەمکەکان (ئەبستراکت و دیجیتاڵ) یان دەکەن، یاساکانی لۆژیکی ئەندازەیی و هەڵسەنگاندن لەخۆدەگرن . وردە وردە دیزاینەر کۆمەڵەیەکی هاوبەش لە یاسا ئەلگۆریتمییەکان و پێکهاتەی داتاکان پراکتیزە دەکات .

لە هەنگاوی سێیەمدا، دیزاینەر دەبێت (هەموو پارامێتەرەکان ستاندارد) بکات، لەوانەش (پێناسە، کۆدکردن و ناونانی پارامێتەرەکان)، و زیاتر پەیوەندی نێوان زانیارییەکانی پەیوەست بە دیزاین (Input) وە دەرەنجامەکان (Output) ڕوون بکاتەوە .

مۆدێلە بینراوە سروشتییەکان دەتوانن هۆکار و ڕوونکردنەوە لە سەرچاوەکانی وەک (خولگەی لۆگاریتمی، فراکتاڵ، تۆپۆلۆژی، تیۆری ئاژاوە و مۆدیلە بیرکارییەکانی تر) دا بدۆزننەوە ، کە ئەمانەش بناغەیەکی بیرکاری بۆ دیزاینی پارامێتری دادەنێن ..

فۆرمە جیاجیاکان پێناس و پەیوەندیی سروشت ڕێکدەخەن، کە دەتوانرێت بۆ دیزاینی پراکتیکی بەکاربهێنرێت ئەویش بۆ ئامانجی پتەوکردن و پشتگیریکردنی پەیوەندییە بینراوەکان .

چەند نمونەیەک لە شێوازە سروشتییەکان

-پارامێتریزم بەرامبەر دیزاینی پارامێتری

(Woodbury, 2010) وای بۆ دەچێت کە (دیزاینی پارامێتری) پرۆسەیەکە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئەلگۆریتم دامەزراوە و دەربرینی ئەو پارامێتەر و یاسایانە چالاک دەکات کە پێکەوە پەیوەندی نێوان (مەبەست لە دیزاین) و (وەڵامی دیزاین) پێناسە دەکەن و، کۆدیان

دەکەن و رووناین دەکەنەوە .

بەگشتی لە دیزاینی پارامیتریدا فۆرم بەبەهاکانی (پارامیتەر) و (هاوکێشەکان) لە قالب دەدرێت کە بۆ وەسفکردنی پەیوەندییەکانی نێوان فۆرمەکان بەکاردەهێنرێن. لێرەوە دەتوانرێت وابەستەیی یەکتر لە نێوان فۆرمەکاندا جێگیر بکرێت و دەتوانرێت رەفتارەکانیان لە ژێر گۆڕانکاریدا بە شێوەیەکی بیرکاری و ئەندازەیی پێناسە بکرێت .

لە نێو ئەو بەرنامانەی کە لە بواری بیناسازیدا بەکاردەهێنرێن، پێکهاتەی دروستکەر Generative Component کە خاوەنەکەی Bentley Architecture و گراس شۆپەر Grasshoper کە خاوەنەکەی McNeel Rhino 3D لە تەکنۆلۆژیای پارامیتریدا ئەدەواتی پراکتیکن. ئەمە لە کاتێکدا کە Autodesk 3D MAX Design و Autodesk MAYA بە بەرنامەی ئەپلیکەیشن پۆلێن دەکرێن کە میتۆدی پارامیتری بەکاردەهێنن .



شوماخەر (٢٠٠٨) دەڵێت کە پارامێتریزم تەنیا لە ڕێگەی تەکنیکە ئاڵۆزەکانی پارامێتریەوە دێتە کایەوە. ئەم وتەیە بەشێکی ڕاستە ، چونکە سۆفتوێری دیزاینی پارامێتری تا ڕادەیەکی بەرزی جۆراوجۆر توانای وەڵامدانەوەی بەهێزی هەیە لە چەند بەهایەکی ژمارەیی کەمدا بەبێ ئەوەی هەوڵێکی زۆری پێویست بێت بۆ ئەو گۆڕانکارییانە، وەک هەندێک کاری ناو پارامێتریزم، بۆ نمونە لە کارە سەرەتاییەکانی زەها ، سۆفتوێری دیزاینی پارامێتری بەکارنەهێنراوە. لە هەمان ڕێرەودا، کارەکانی بیناسازەکانی دیکە کە سوود لە سۆفتوێری پارامێتری وەردەگرن ، ناچنە پۆلێنی پارامێتریزمەوە تا پشت بە پارامێتەرەکانی دەوروبەر یان پارامیتری بینەر نەبەستن .

- زەها حەدید : پێشەنگ لە دیزاینی پارامیتریدا

لە ساڵی ١٩٨٨ پاتریک شوماخەر، فەلسەفەی هونەری دیزاینی زەها حەدیدی دۆزیەوە، کە :

یەکەم : داوای وازهێنان لە هێڵە ڕاستەکان و گۆشە ڕاستەکان دەکات کە بە گشتی بیناسازەکان لە دیزاینەکانیاندا بەکاریدەهێنن . هەروەها پراکتیزەکردنی

فەلسەفەیەکی نوێ کە سەرەتا لەسەر بنەمای وەرگێرانی ڕاستەوخۆی ئەو هێڵە چەماوانەی کە سکێچە خێراکانی میعماری پێ دەکێشرێت و دەیانگۆڕێت بۆ وێنای میعماری، ئەو وێنانەی کە وا دەخوێندرێنەوە کە هێڵی ڕاست بن .

دووەم : ئەو بۆشایانەی کە لە نێوان هێڵە کێشراوەکاندا دروست دەبن دەتوانرێت بە فەزای میعماریی هەژمار بکرێت کە پێکهاتەکانی بیناکان لەخۆ دەگرن ، ئەو فەزایانە فەزای شڵن هیچ بەربەستیک یان دیوارێک ناسەپێنن بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەکان لە یەکتر. بە پێچەوانەوە پێکهاتەکان خۆیان دێن بۆ ئەوەی لەناو ئەم بۆشایانەدا جێگیر ببن ، بە شێوەیەک کە ڕادەی پەیوەندی هەر پێکهاتەیەک بە شێوەیەکی نەرم لەگەڵ پێکهاتەکانی تر دیاری دەکات . لە هەر لایەکەوە سەیری ئەم فۆرمانە بکەیت ، بۆت دەردەکەوێت کە سەرەڕای دەوڵەمەندی و جیاوازییان ، لەگەڵ یەکتردا ساز وهاوئاهەنگن .

سێیەم : زەها توانیویەتی شێوەی شل و لار و شلۆق بخاتە ناو فەرهەنگی دیزاینی بیناسازییەوە .

سکێچی دیزاینەکانی زەها لە تابلۆی هونەری دەچن

دیزاینەکانی زەها حەدید کە بە شێوەی سکێچی معماریی دەستیان پێدەکرد زیاتر لە تابلۆی هونەری دەچون و دواتر بەبێ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەگۆڕدرا بۆ وێنەی ئەندازیاریی بیناسازی، کە هێشتا هێڵەکانی دیزاینەکە ڕاست بوون، بەڵام بە گۆشەی ستون نەبوون و بلۆکی میعماریی لار و هەندێک جار ڕوتەختی لاریشیان لەخۆگرتبوو. پاشان لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا، هێڵەکانی دیزاین لای زەها بەرەو نەرم بوون و زنجیرەی چەماوە Bending دەچوون، بە تایبەت لەگەڵ قووڵبوونەوە لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی لیمیتە لۆگاریتمییەکان لە دیزاینەکانیدا. پاش لە دەستدانی نزیکەی دە ساڵ لە بەشداریکردنە سەرنەکەوتووەکانی لە پێشبڕکێ بیناسازییەکان و هەوڵدانی بۆ قەناعەت پێکردنی کەسانی دیکە بەم ڕەوتە نوێیەی. کۆتایی نەوەدەکان بە دەسپێکی سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی زەها دادەنرێت لە بردنەوەی پێشبڕکێکان، تاوەکو یەکێک لە گرنگترین پرۆژەکانی بردەوە، کە ئەویش مۆزەخانەی ماکسی بۆ هونەری هاوچەرخ بوو لە ڕۆما، ئیتر ئەرکەکان و پرۆژەکان جیاوازتر بوون، ئۆفیسی زەها کاری لەسەر دیزاینکردنی مۆبیلیات و دیزاینی ناوەوە و ڕووناکی و جلوبەرگ و ئۆتۆمبێل دەکرد. ئەمە جگە لە فەلسەفەی دیزاینی خۆی بۆ پرۆژەکانی پلانسازیی شار بەمجۆرە ژمارەی کارمەندانی لە ٤ کارمەندەوە بۆ ٤٠٠ بەرزبووەوە

- جینۆلۆجیای دیزاینی پارامیتریی زەها حەدید

جینۆلۆجی دیزاینی پارامێتری زەها حەدید لێکدانەوەی

نوێی تابلۆکانی مالیڤیچە، کە سەرچاوەیەکی باڵادەستە کە حەدید لە زۆر بۆنەدا وەک ئیلهامبەخشێکی سەرەکی وەسفی کردووە و لە ڕوانگەی دەروونناسی گێشتاڵیشەوە کاریگەری لەسەر کارە سەرەتاییەکانی هەبووە. بە لێکۆڵینەوەی زیاتر لە کاریگەری ئەو نیگارکێشە لەسەر کارەکانی زەها، هەر لە سەرەتای ژیانی کارکردنییەوە تا بە قۆناغە کۆتاییەکانی ژیانی دەگات، جەختکردنەوەی ڕێبازی دیزاینی پارامێتری و وێنای میتۆدۆلۆژیای دیزاینەکانی دەکات.

حەدید لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا تێڕوانینی جیاوازی ئەندازەیی بەپێی دیدی بینەر وە یان پەیوەندی فیگەرباکگراوندی لە یەک پرۆژەدا بەکاردەهێنا. ئەمەش پێچەوانەی کارە نوێیەکانی بوو، کە تێیاندا ئامانجی ئەوەبوو کە هەردووکیان لە یەک کاتدا لەناو شارسازیی پارامێتریدا نیشان بدات، لەمەشدا جیاکردنەوەی بیناکان articulations درێژدەبنەوە بۆ پشت لاندسکێپ و تەنانەت فابریکی شاریش، یان بە پێچەوانەوە.

زەها لە کارەکانی سەرەتایدا، هەوڵی ئەوەی نەداوە کە پارامیتری دەوروبەر و پارامیتەری بینەر پێکەوە ببەستێتەوە .. کە پێکەوە دەبنە هۆی دەرخستنی پارامیتری سنووردارکراو. بەڵام کارەکانی ئەم دواییەی لەگەڵ هەردووکیان کاردەکات و لەیەک سیستەمدا ڕێکیان دەخات.

شارسازیی پارامێتری Parametric urbanism، کە پەیوەندییەکان لە دابەشکردنی شارەوە تا مۆرفۆلۆژیای بیناسازی ڕێکدەخات، هەروەها جیاکاریی تەکتۆنی و ڕێکخستنی ناوەکییەکانیش. جگەلەوەش، زەها شێوەکانی هێڵی چەماوە curvilinear shapes کە «نابابەتین non-objective» بەکاردەهێنێت زیاد لە ئەندازەی ڕەقدا کە لە کارە سەرەتاییەکانی بەکاریدەهێنا، ئەمەش کاریگەریی فیگەر- زەمینی figure-ground effect زۆر دەکات. زەها ئیلهامبەخشی مالڤیچی سوپەرماتیزم Malevichs Suprematism وە هەروەها کیوبۆ-ئایندەناسی Cubo-Futurism و پارامێتەرەکانی دەوروبەری بە بەردەوامی لەناو پارادایمی پەرەسەندنی جینۆلۆجی دیزاینەکەیدا دەدۆییەوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بنیاتنانی پارامێتریزم.





فیگەر – گراوند (ئیربان لاندسکێپ)



– شێوازەکان Patterns لە سەردەمی کۆنەوە ڕووکاری بیناسازییان داپۆشیوە – بە هەمان شێوەی کە ئەم جۆرە شێوازانە لە هەموو کرداره دەست ڕەنگینیەکانی مرۆڤیشدا بڵاوبوونەتەوە. ڕەنگە جەستەی مرۆڤ یەکەم ڕووکار بوو بێت کە نەخشی دیزاینکراوی وەرگرتبێت. بەم پێیە شێوازە بیناسازییەکان بنەچییەکی فراوان و قووڵیان هەیە.

ڕازاندنەوەی دەموچاوەکان Papua وە ماسکی ئۆپیرای چینیەکان کە بوونیان سیستمێک لە سیفاتی نموونەیی دروست دەکەن

– پێویستی (فسێفسا) بوو بە دەرفەتێک بۆ دروستکردنی جیاکارییەکان articulation. سەختی بە ئامێکردنی جۆرەکانی فسێفسا بۆ ڕوتەختی دووجار چەماوە double-curved surfaces حاڵەتێک بوو کە مۆدیلینی پارامیتریکی و سکریپتکردنی هێنایە پێشەوە.

ڕەنگە دەرەنجامەکان (شێوازی پارامێتری) پێکبهێنن. بەڵام لەم ڕێکخستنە کلاسیکەدا ڕووتەختە چەماوە جۆراوجۆرەکان کۆمەڵێک لە زانیاری دەدن بە دەستەوە کە بە هۆیانەوە گونجاندنی پارامێتری پێکهاتەکەی پیادە دەکەن، ئەویش بە ئامانجی هێشتنەوەی شێوازەکە بە شێوەیەکی یەکسان homogenous. بێگومان ئامانجیش لەمە پاراستنی ناسنامەی پێکهاتەکەیە.

گەورەکردن بەرانبەر بە قەرەبووکردنەوەی جیاکارییەکان (فوستر – مۆزەخانەی بەریتانی لەندەن –) (ماستەرکلاسی زەها حدید)

پارامێتریزم ئەم تەکنیکەی دیزاینی شێوازیی پارامێتریی‌ی گۆڕی بۆ تۆمارێکی نوێ لە جیاکردنەوە articulation. جۆراوجۆریی لە ڕووتەختە بنەڕەتییەکاندا وەک کۆمەڵە

داتایەک بەکاردەهێنرێت کە دەتوانێت پیادەی زۆر لە جیاکردنەوە ریشەییەکان بکات. جەختکردنەوەیەکی زۆر لە سەر جیاکارییە بەرچاوەکان یەکێکە لە نیشانەکانی پارامێتریزم. هەروەها رەنگە جیاکاری بە ئەنقەست بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەویش بە «رەنگکردنی» رووتەختەکە بە هەر شێوازێک یان وێنەیەک کە دواتر دەبێتە کۆمەڵە داتا data-set بۆ پیادەکردنی جیاکاری لە پێکهاتەکاندا.

- هەستەوەرێکی پرسیاراوی تر - زەخرفەیە -. جیاکردنەوەی رووتەخت دەبێت لە ناوەندە جیاکارییە کەدا بێت. ئەمەش تەنها لەو کاتەدا دەبێت کە بەبەسترێتەوە بە لایەنە ئەندازەیی وە یان وەزیفییەکانی ئەو سپەیسەی کە رووتەختەکە دروستی دەکات. جەختکردنەوەیەکی بەهێز لەسەر (پێکەوەبەستن - correlation) نیشانەیەکی تری پارامێتریزمە. پێکەوە بەستنە گرنگەکان رەنگە بونیادە سەرەکییەکان لە خۆ بگرن. جیاکاریی لە رووتەختەکاندا surface articulation کە رەنگە رێک وەک راکێشانی هێلەکان بێت وە یان وەک دابەشکردنی سترێس بێت.



شێوازکارییەکان بەشدارن لە بەیەکەوەبەستنەوەی سیستمە لاوەکییە یەک لە دوای یەکەکان Huang Yung-Chieh, Hang Jin & Wen-Kai Li, Parametric Urbanism,

هەڵێکی بەهێزی تر جیاکردنەوەی گونجاوی فاسادەکانە ئەویش بە رێزگرتن لە پارامێترەکانی ژینگە، کە بە توندی لەگەڵ ئاراستەی رووتەختەکەدا دەگۆڕێت. جۆراوجۆریی لە فۆرم و وەزیفەدا شانبەشانی یەکتر دەڕۆن. لێرەدا (جۆراوجۆریی لەسەرخۆ)، (چڕیی تیشکی خۆر) لەسەر رووە چەماوەکان تەرجەمەی گۆرانییەک لە دوای یەکی دروستبوونی پێکهاتەکان دەکات.

لەناو پارامێتریزمدا ئەم جۆرە پێویستیە وەزیفیانە دەبن بە کۆنسێپتی هونەری.



زەها حەدید، دادگا مەدەنییەکان - مەدرید ٢٠٠٧ (دەرخستنی رووتەختەکان کە لە رووی ژینگەییەوە خۆگونجاون)

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە پارامێتریزم - وەک ستایلێک - ئەجێندایەکی هونەری پێکدەهێنێت کە ئیرادەیەک بۆ فۆرم بەرجەستە دەکات کە ئەویش کێشەی (دەرخستنە)، بەڵام وەک بەشێک لە نمایش ئەژمار دەکرێت. رۆحی ئەم ئەجێندا هونەرییە رۆحێکی جیاکردنەوەیە articulation کە دژ بە شێوەکارییەکانی موجەرەد دەوەستێت.

ئەم سەر و دەستە چەماوەیە لاسایی خاڵکوتانی ترادیشنالی دەموچاوە - Maori craftsman - زەها حەدید ئارکیتێکتس -ناوەندی کلتووری ئازەربایجان - باکۆ -

زەها حەدید ئارکیتێکتس - پرۆژەی پێشبرکێیەک - مۆدیلێکی نزیککراوە



کاریگەری جیاوازیی ڕووناکی – سیبەر –پرۆژەیەکی پارامیتری
Elias Hermann & Milly Niku, Masterclass Zaha Hadid,



کاریگەریەکانی ڕووناکی – سێبەر خستنەڕووی پرۆژەیەکی پارامیتری (شێواز بەستراوەتەوە بە فۆرمێکی ٣ ڕەهایی)
Peter Schamberger (لای چەپ) Klasing/Krcha/Froeschl/Hofmann (لای ڕاست)



زەها حەدید ئارکیتێکتس – جانتای لویس ڤۆتن ، کۆگای لویس ڤۆتن – مەکاو

ڕەنگە ئەم تۆمارە تایبەتانەی خوارەوەی جیاکارە بۆ ئەوەی ئەم مەرجانە لەبەرچاو بگیرێت ، دیزاینی پارامێتری دەبێت گرنگی پێدانی خۆی بۆ پاش ئیعتباراتی پارامێتری شتەکان پەل پێ بهاوێژێت بۆ ئەوەی پارامێتەرەکانی دەوروبەر و پارامێتەرەکانی بینەریش لەخۆ بگرێت . کاری سیستماتیکی شانبەشانی پارامێتەرەکانی دەوروبەر و بینەر هەستی ئەنیمەیشن پتەدەکات کە دەتوانرێت ئەو هەستە بە هۆکاری ڕێزگرتن لە جیاکاریی ڕووتەختە بیناسازییەکان articulation of architectural surfaces بە دەست بهێنرێت .

چارەسەرکردنی بارودۆخی ڕووناکی ، و گۆڕانکاری



ڕوویەکی نیمچە جوڵاو بە تێکەڵکردنی ڕیلیفی ڕووتەخت، سکریپت، ڕەنگکردنی قووڵ و ڕەنگدانەوە Christoph Zimmel & Nicola Beck, Interiority Project - Masterclass Zaha Hadid Vienna 2009

لە گۆشەی بینین گۆڕانکاری دراماتیکی لە دەرکەوتن و تێگەیشتنی ڕووبەرێک یان فەزایەکدا دروست دەکەن . ڕەنگە شێوازەکان بە شێوەیەک ڕێکبخرێن کە پارامێتەرە سەرەکییەکان ببنە هەستەوەری گێشتالت بەجۆرێک کە گۆڕانکارییەکی بچووک لە پارامێترێکی گرینگدا - شت، دەوروبەر یان پارامێتری بینەر - گۆڕانکارییەکی سەرسوڕهێنەری گێشتالتی Gestalt-sensitive دروست بکات .

ئەم ئەجێندای دیزاینە بۆ وێنای پارامێتری دەگەڕێتەوە . بەشداری پێکردنی ئەم شێوازە ڕووتەختە میعماریانە لەم ئەجێندایەدا پێویستی بە پلەیەکی دیاریکراو لە قووڵی ڕووتەختەکانە . ڕەنگە وێناکردنی پارامێتری گەورەترین فۆرمی جیاکاریی بیناسازیی architectural articulation دروست بکات . ئەمەش بۆ ئەوەی بەڕاستی کاریگەر بێت دەبێت لە تەنها کاریگەرییە بینراوەکان تێپەڕێت. لە گۆڕانکارییە گێشتالتیەکانەوە دەرچن و پەیوەست بە سیناریۆی ڕووداوەکان بن و سوود لە گۆڕانکاری (تێگەیشتن و ئاراستەکردن) وەردەگرن. ئا لەو قۆناغەدا دەتوانین کە قسە لە زەخرەفەی کارا و دینامیکی و بەرز بکەین.

دیزایینی ناوەوە وەک شێوازی گۆڕینێکی بەردەوامی پێکهاتەکان
Dimitri Tsiakas & Philipp Hornung, Interiority Project – Masterclass Zaha Hadid,

سەرچاوەکان /

- أبا الخيل ، ابراهيم عبد الله « العمارة البارامترية - عمارة زها حديد وباتريك شوماخر» مجلة البناء - نوفمبر ٢٠١٧

- Kourkoutas, Vassileios “Parametric Form Finding in Contemporary Architecture”, A master›s thesis .. Vienna, June 2007

- Li. X, Su. JN, “ Research on Parametric Form Design based on Natural Patterns” Lanzhou, China

- Schumacher, Patrik, Parametric Patterns London 2009: AD Architectural Design – Patterns of Architecture, Vol 79, No 6, November/December ,2009

- The Parametric Design Genealogy of Zaha Hadid, https://issuu.com/pointnemo_adato/docs/architecture_2bpainting_digital/s/11272890

بنەما ڕەوشتیەکانی کارکردنی ئەندازیاریی شارستانی

ئامادەکردنی
ئەندازیاری شارستانی
هەردی مستەفا ئەحمەد

پێشەکی :

هەر وەک ڕوون و ئاشکرایە لای هەمووان لە سەرجەم ئەو کار و پیشانەی کە مرۆڤ ئافراندوونی بەپێی سەردەم و کات و ئەزموونی لەگەڵیدا بەها و بنەما و یاساو پێناسە و خوێندنەوەی نوێ ی بۆ کراوەتەوە بە پاراستنی بنەما سەرەکیەکانی ، وە هەر پیشەیەک بەو هەنگاوانەی خۆنوێکردنەوەو ڕەخنەکردن و پیاداچونەوە و لێکۆڵینەوەیەدا نەچووبێت ئەوا بەرەو دواکەوتن و پاشاگەردانی و فەوتان چووە .

دەبێت ئەوە بزانین کە نەمان و خراپ بوونی کارێک یان پیشەیەک یان سەکەوتن و بەرەوپێشچوونی پابەندە بە گەشەی هزری کۆمەڵگا و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە پیشەکەی تیادا بەرکارە ، بۆ نموونە پیشەی ئەندازیاری لە وڵاتە گەشەسەندووەکانی دنیا پەیرەوکردن و کارپێکردنی جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێ یاخود وڵاتە بندەستەکانی دنیا ، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بنەما و ڕێسای سەراپاگیر لە دنیادا نەبێت کە زۆرینەی پیشەوەرانی بوارەکە لەسەری کۆک بن و ڕەوشتی مامەڵەی کارەکە لەگەڵ یەکتر و خاوەنکارەکان و بەکاربەرەکان بپارێزن ، بەڵام گرنگترین بابەت لێرەدا ئەوەیە کە ئەو پیشەوەرە پێناسەی کارەکەی خۆی وە ڕۆڵی خۆی لە کایەی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بزانێت واتە پیشەکەی پێناسەیەکی فرە ڕەهەندی لە خۆ دەگرێت نەک تەنها ناسنامەیەکی کلاسیکی .

بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە باسبکرێت بریتیە لە وەڵامدانەوەی کۆمەڵە پرسیارێکی تایبەت بە ئەندازیاری و ناساندنی کارەکە :

- ئەندازیاری چیە ؟
- ئەندازیار کێیە ؟
- ئەندازیاریی شارستانی چیە ؟
- ڕۆڵ و پێگەی کاری ئەندازیاری چیە لە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ؟
- بنەما ڕەوشتیەکانی ئەندازیاری شارستانی چیە ؟

* لە وەڵامی ئەم پرسیارانەوە چ کۆمەڵگا باشتر کاری ئەندازەیی دەناسێت وە ئەندازیاریش پێگەو کاری خۆی زیاتر بەباشتر دەبینێت ، مەخابن کاتێک لە ئەکادیمیای کوردی ئەندازیاری دەخوێنیت بە هیچ جۆرێک وەڵامی ئەمانەت دەست ناکەوێت یەکسەر دەتخەنە سەر خوێندنی مەنهەجی کۆلێژ ، بەجۆرێک وای لێهاتووە کە ئەندازیاری دەخوێنیت و نازانیت کێیت و چی بەهاو

گرنگیەکت هەیە ؟!

با وەڵامەکان یەکە یەکە دەستپێبکەین :

یەکەم ← ئەندازیاری چیە ؟

بواریێکی زانستیی جێ بە جێ کاریە کە کاردەکات لەسەر گواستنەوەی تێگەیشتنی زانستی مرۆڤ بۆ قۆناغی بەرجەستە کردن و جێبەجێکردن وە بەکاربردنی ئەو تێگەیشتن و فیکرە لە داهێنان و نەخشەسازی و بنیادنانی ئەو کەرەستە و شوێنانەی کە ژیانی مرۆڤ ئاسانتر دەکەن و گرفتەکانی چارە دەکەن .

ئەمە هەر لەبنیادنانی پردو باڵەخانەکانەوە دەیگرێتەوە تاوەکو فرۆکەو کۆمپیوتەر و ڕۆبۆت و ئامێرە کارەبایی و ئەلەکترۆنیەکان بە بنیادنانی شارەکانیشەوە چی لە دەورو بەرمانە بەرهەمی گەشەی فیکری ئەندازەییە ، وە هەموو بونیادەکانی دەستی ئەندازیار بە تەکنەلۆژیا ئەژمار دەکرێن ، بە سادەیی بڵێم دنیای پەرەسەندووی ئەمڕۆ بوونی نەدەبوو گەر زانستی ئەندازیاری نەبوایە ، چونکە ئەمڕۆ هەرچی بەکاردەبەین لە دەورو بەرمان جێگە دەستی بواریێکی ئەندازیاری پێوەیە .

دووەم ← ئەندازیار کێیە ؟

بەپێی پێناسەی دامەزراوەی « Collins »ی زمانەوانی ، ئەندازیار کەسێکە کە مەعریفەی زانستیی دەگۆڕێت بۆ دیزاین و بنیادنان یان نۆژەنکردنەوەی ئامێرو کەرەستەکان یاخود بینا و پرد و ڕێگاوبانەکان .

بەڵام بەگوێرەی پێناسە نوێیەکان « ئەندازیار کەسێکی شارەزایە لە داهێنان و دیزاینکردن و چاککردنەوەی ئامێرو کارگەو پرۆژەکانی ئاوەدانی و ژینگە و تەنانەت داتابەس و تەکنەلۆژیاو کاری سەربازیش ، وە لە هەمان کاتیشدا بەرپرسن بەرامبەر ڕەوشی کارکردن و باڵانسی ئابووری و دارایی لایەنی خاوەنکار و پابەندن بە خشتەی کاتی جێ بەجێ کردنی کارەکان ، بەکورتی ئەندازیاران داهێنەرو هەڵسورێنەرێکی بەردەوامی دنیای ئەمڕۆن » .

ئەندازیاری و ئەندازیار بەگوێرەی پسپۆری چەندان بەش و جۆری فراوان لەخۆدەگرێت کە هەر بەشەو ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و هەر بەشەش ئەرک و بنەمای کار و بەهای پیشەیی خۆی هەیە کە ڕێساو ڕەوشی کارکردنی لەوانی تر جیاوازە بەڵام لەکۆی سیستەمەکە تەواوکەری یەک بنەمان کە ئەویش کاری ئەندازیاریە .

-ئەمانەش گرنگترین بەشەکانی ئەم پیشەیەن :

١- ئەندازیاری تەلارسای .
٢- ئەندازیاری شارستانی .
٣- ئەندازیاری ژینگەیی .
٤- ئەندازیاری کارەبا .
٥- ئەندازیاری میکانیک .
٦- ئەندازیاری فرۆکەوانی .
٧- ئەندازیاری خۆراک .
٨- ئەندازیاری تەندروستی .
٩- ئەندازیاری دەریاوانی و بەندەرەکان .
١٠- ئەندازیاری کۆمپیوتەر و پرۆگرامسازی .
١١- ئەندازیاری پیشەسازی و کارگەکان .
١٣- ئەندازیاری نەوت و گاز .
١٤- ئەندازیاری پلانسازی شارەکان .
١٥- ئەندازیاری دەنگ .
١٦- ئەندازیاری کشتوکاڵی .
١٧- ئەندازیاری بەنداوو سەرچاوەکانی ئاو .
١٨- ئەندازیاری کیمایی .
١٩- ئەندازیاری وزەی ئەتۆمی .
٢٠- ئەندازیاری کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردن .
٢١- ئەندازیاری ڕووپێوی .

هەر بەگوێرەی پێناسەکانی سەرەوە دەگونجیت ئەندازیاری جیناتیش لە ڕیزبەندی کاری ئەندازەیی دابنرێت کە هاوبەشیەکە لەنێوان کاری ئەندازەو پزیشکی و بایەلۆژیدا ، ئەوە سەرەڕای چەندان بەشی تر کە هەر دەچنەوە سەر ئەم لقە سەرەکیانەی ئەندازیاری و بە پسپۆری دەگمەن و ورد ناودەبرێن .

سێهەم ← ئەندازیاریی شارستانی چیە؟

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە زاراوەی ئەندازیاری شارستانی لە ساڵانی ١٧١٦ بەدواوە سەری هەڵدا لە وڵاتی فەرەنسا لە کرێکاران و تەکنیکارانی ڕێگەوبان و پردەوە ، دواتر لە ١٧٤٧ « فێرگەی نیشتیمانی بۆ پرد و ڕێگاوبانی خێرا » ی لێ پێکهات ، زیاتریش لە بابەتی جیاکردنەوەی کاری ئەندازیاری لە خزمەتی سەربازیەوە زاراوەکە گەشەی کرد چونکە تەواوی ستافە تەکنیکی و ئەندازەییەکانی فەرەنسا لە کاری سەربازی دوردەکەوتنەوەو خەریکی

ئاوەدانی شارەکان بوون .
هەر لێرەوە نوسەرو لێکۆڵەرانی فەرەنسی چەندان کتێب و نوسینیان دەربارەی میکانیکی مەواد و ئامێرو و پێوانەسازی نووسی و ، ئەندازیارانی ئینگلیزیش خۆیان فێری زمانی فەرەنسی دەکرد بەمەستی ئاشنا بوون بە نووسینە فەرەنسیەکان و فێربوون لێیان .
هەر لێرەوە پیشەوەرە شارەزاکانی ئەو سەردەمە بەرەو ئەم پیشەیە هاتن و وای لێهات تەواوی ئەو کەسانەی کە پیشەوەری بیناو ڕێگەو بان و دروستکردنی ئاشەهەوایەکان بوون بە ئەندامی ڕێکخراوەکانی ئەندازیاری شارستانی لە ئینگلاند و دواتر کاری گەورەشیان بە ئەنجام گەیاند ، بۆ نموونە/ « جیمس بریندلی » کە دروستکەری ئاشەهەواییەکان بوو دەورێکی باڵای لە لێدانی کەناڵەکانی ئاوو گواستنەوە لە بریتانیا ، هەروەها « جۆن رینیە » کە پردی لەندەنی بنیادنا بەهەمان شێوە دروستکەری ئاشی هەوایی بوو ، هەر بەو جۆرەش « تۆماس تیلفۆرد » کە کرێکاری کانی بەرد بوو بووبە یەکێک لە باشترین ئەندازیارەکانی ڕێگەوبان لە سەردەمی خۆی .
ئەمانە کورتەیەک بوون لە سەرەتاکانی ئەم پیشەیە ئێستا با بچینەوە سەر پێناسەی ئەندازیاری شارستانی کە وەڵامی پرسیارەکەمانە.

ئەندازیاری شارستانی تایبەتمەندە بە دیزاین و بنیادنانی ئەو پرۆژانەی کە لە خزمەتی کۆی خەڵکە ، وەک ڕێگەو بان و پردو بەنداو و بیناسازی و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ...هتد . مانەوەی ناوەکەشی بە شارستانی وەک پێشتر باسکراوە لە بەشداری کارای ئەم جۆرە پیشەیەیە لە بواری ئاوەدانی شارەکان و بەشداریپێکردنی پیشەوەرە لێهاتووەکانە لە خزمەتی شارستانی و دورخستنەوەیان لە کاری سەربازی سەدەی ١٨ ی زاین.

چوارەم ← ڕۆڵ و پێگەی کاری ئەندازیاری شارستانی چیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ؟

بەشێوەیەکی سەرەکی ئەندازیاری شارستانی چوار قۆناغی کارکردنی هەیە :
١- قۆناغی پێش جێ بەجێکردن کە بریتیە لە (کاری دیراسەی پێگەی کار و ڕووپێوکردن - دواتر دیزاین کردن - دواتر دیراسەی کەڵکی ئابووری پرۆژەکە و هەڵبژاردنی گونجاوترین ماددەکانی بیناسازی لەڕووی ژینگەیی و سەلامەتی و گونجاوی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانی دەوروبەری) .
٢- قۆناغی جێ بەجێکردن بریتیە لە کارەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەیەک کە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پلانی کاردنی ڕۆژانەو بەدوای یەکدا هاتنی برگەکانی کار و سەلامەتی تیمی کارکردن و خەڵک و پرۆژە هاوسێکان لەخۆ دەگرێت .
٣- قۆناغی پاش جێ بە جێ کردن ئەمە کاری چاودێری و نۆژەنکردنەوەو دیراسەی باشترین بەکاربردن لەخۆ دەگرێت بۆ پرۆژەکە .
٤- قۆناغی ڕووخاندن و ڕیسایکڵ کردنەوە لە ئەندازیاری نوێدا یەکێکە لە گرنگترین کارەکان کە دەبێت هەر لە سەرەتای دیزاینکردنەوە بابەتی بەکارهێنانی مەوادی گونجاو بۆ ڕیسایکڵ کردنەوەو پیسنەکەری ژینگە ڕەچاوبکرێت ، چونکە یەکێک لە قورسترین ماددە پیسکەرەکانی ژینگە بریتیە لە پاشماوەی بیناو پرۆژە ماوە بەسەرچووەکان کە لادەبرێن و دروست دەکرێنەوە ، وە بەکۆی ئەم پرۆسانە دەوترێت سوری ژیانی پرۆژەیەک یان بونیادێک (Structure) ێک .
* لەم قۆناغانەوە تێدەگەین کە ڕۆڵی ئەندازیاری شارستانی ڕۆڵێکی بەرەوگیرە (Sustainable Role) ە لە ژیانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا چونکە تەواوی سەلامەتی ژیانی و تەندروستی و خزمەتگوزاری و پاراستنی ژینگەو هاوسەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت ، تەنها دروستکردنی بینایەک و دیکۆرێک و دانانی نیە لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان یاخود وەرگرتنی بڕوانامەیەک بۆ ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی .
بەڵکو بەرپرسیاریەتیەکی مرۆیی و یاسایی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابووریشە لێرەوە دەچینە سەر گرنگترین ئەو بەشانەی کە بە چڵ و پۆپی ئەندازیاری شارستانی ئەژمار دەکرێن :
١- ئەندازیاری بیناسازی (Building Construction) :
کاروباری بنیادنانی بیناو باڵەخانەکان دەگرێتەوە لە خانوویەک یان پرۆژەیەکی بچووکەوە تاوەکو دامەزراوە حکومی و بینا هەوربرەکان ، بە هەموو جۆرەکانی بینای تەختەو پۆلاو کۆنکرێت و ...هتد.

٢- ئەندازیاری گواستنەوەو ڕێگاو بان (Transportation & High way):

تەواوی پرۆژەکانی ڕێگاو بان و پرد و تونێل و کەناڵی میترۆ و هێڵی شەمەندەفەر و فرۆکەخانەکان دەگرێتەوە.

٣- ئەندازیاری دەریاوانی و هایدرۆلیک(Maritime and hydraulic):

گەورەبوونی کەشتی و بەندەرە ئاویەکان و سەکۆ نەوتی و گازیەکانی نا دەریاو زەریاکان بەرپرسیاریەتی ئەندازیاری شارستانی بەرز کردۆتەوە بۆ ئاستی دروستکردنی کەناڵ

و نۆکەندی ئاوی بۆ کەشتیە زەبەلاحەکان و گۆڕینی ڕێڕەوە ئاویەکان و باشترکردنیان بۆ ئەو بونیادانەی کە باسکران وە هەروەها بەربەستی پارێزەری کەناراوەکان و دروستکردنی شارەکان لەناو دەریادا بووە بە دیاردەیەکی ئەم سەردەمە.

٤- ئەندازیاری بەنداوو سەرچاوەکانی ئاو(Dams and Water Resources):

لە هەندێک باردا تێکەڵی لەم بوارەو جۆری سێهەمدا هەیە چونکە زۆرترینی سیستەمە بەکاربراوەکەی لە سەر زانستی هایدرۆلیک بەندە، بەڵام لەم جۆرەدا زیاتر کارکردن لەسەر بەنداوسازی و کۆکردنەوەو خاوێنکردنەوەی ئاوی خواردنەوەو کشتوکاڵی بۆ شارەکان و بەرهەمهێنانی وزە لە بەنداوەکان و دیاردەی دورینەوەی ئاوی باراناوەکان دەگرێتەوە.

٥- ئەندازیاری تەندروستی (Sanitary Engineering):

ئەم بەشە زیاتر کاری ئاوو ئاوەڕۆ و ڕیسایکڵ کردنەوەی ئاوی قورس و مەوادی ڕەقی پاشەڕۆ و بەکارهێنانەوەی لە چالاکی ڕۆژانەدا لە خۆ دەگرێت.

٦- ئەندازیاری جیۆتەکنیک (Geotechnical Engineering) :

ئەم بەشە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەو توانای بەرگەگرتنی خاک بۆ ئەو پرۆژەو بونیادەکانی کە لە سەری ئەنجام دەدرێت لەگەڵ دیاریکردنی جۆری بناغەکان لە خۆ دەگرێت وە هەروەها ناسین و بەکارهێنانی مەوادی خاکیش « مەوادی بیناسازی سروشتی » لە بنیادناندا دیاری دەکات .

*دەگونجێت ریزبەندی و ناونان و ژمارەی ئەم بەشانە لە وڵاتێک بۆ یەکێکی تر یاخود بە پێی زانکۆو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بگۆڕدرێت بەڵام لەرووی کردارییەوە هەر دەچنەوە سەر هەمان بنەماو ڕێچکەی زانستی ، ئەوەی لێرەدا باسکراوە زیاتر پشت ئەستوورە بە لێکۆڵینەوەو ناونانەکانی « ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی » .

- ئێستا دوای ناسینی ئەندازیاری شارستانی و بەش و جۆرەکانی کاری هەر بەشە لێرەوە پێویستە بڕۆینە ناو بەهاو بنەما ڕەوشتیەکانی کارکردنی ئەندازیاری شارستانی چونکە لە هیچ پیشەو کارێکی دنیای پێشکەوتوودا نیە بەبێ ئەو دوو بابەتەی باسکران بە پیشە ئەژمار بکرێت چونکە تەواوی ئەو پەیوەندی و ئەرک و مافانە ڕێکدەخات کە ئەو پیشەیە هەیەتی وە تاوەکو چەند دەتوانرێت بەرەوپێش ببرێت لێرەدا بە پشت بەستن بە « ASCE code of ethics » و « JSCE code of ethics » ئەو بنەمایانە ڕوون دەکەمەوە کە یەکەمیان (سەندیکای ئەندازیارانی شارستانی ئەمەریکایە و ئەوی تر وڵاتی ژاپۆن)ە کە وەک پەیرەوی ناوخۆی سەندیکاکانی ئەندازیاری شارستانی بەکاردەهێنرێت و ئەگەر پابەند نەبیت پێیانەوە مافی کارکردنی ئەو پیشەیەت نیە لەو دوو وڵاتە .

ASCE code of ethics

- ئەم پەیرەوە لە ١٩١٤/٩/٢ دانراوە و دواهەمین پیاداچوونەوەشی لە ٢٠١٧/٧/٢٩ بۆ ئەنجام دراوە ، وە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە :

یەکەم/ بنەما سەرەکیەکان (Fundamental Principles):

ئەندازیار پابەندە بە پاراستنی دەستپاکی و شەرەفمەندی لە کارەکەیدا وە بەردەوام ئەم بنەمایە بەرز دەکەنەوە لەرێگەی :

١- بەکاربردنی زانین و شارەزاییەکانیانەوە بۆ باشترکردنی گوزەرانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە .

٢- ئەمیندار و بێلایەن بێت وە لەکاتی مامەڵە لەگەڵ خاوەنکارو مشتەری کار و خەڵکدا دڵسۆز بێت .

٣- کارکردن بۆ چالاکترکردنی ڕۆڵ و پێگەی ئەندازیاری.

٤- پشتگیری و هاوکاری کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەییە تەکنیکیە تایبەتمەندەکان بکات .

* ئەم چوارخاڵە خۆی پێناسەیەکی ترە بۆ ئەندازیاری شارستانی چونکە باسی چەند شتێکی گرنگ دەکات کە بریتین لە (ئەمانەت پارێزی و دەستپاکی ، دوای ئەوە زانین و فێر بوون و پەرەدان بە لایەنە زانستیە کە دواتریش بەهۆی پێگەی ئەندازیاری شارستانی لە کاردا وەک ڕێکخەر و هاوسەنگی پارێزی کارەکان وایە بۆیە لە خاڵی چوارەم بە ڕوونی باسی هاوکاری تیمە پیشەییە تایبەتمەندەکان دەکات) .

دووەم/ یاسا بنەڕەتیەکان (Fundamental Canons) :

١- ئەندازیار پلەی یەکەم دەدات بە سەلامەتی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ لەکارەکانیدا ، وە بە ڕژدی کاردەکەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەرەوگیر لە ئەرکە پیشەییەکانیان .

٢- پێویستە ئەندازیار سنوری کارەکەی لە بواری پسپۆریەکەی تێنەپەڕێت .

٣- لەسەر ئەندازیار پیویستە لەکاتی دەربرینی بڕاوکراوەو بەیاننامە گشتیەکاندا بابەتی و ڕاستگۆ بێت .

٤- پێویستە ئەندازیار لە بابەتە پیشەییەکاندا وەک باوەڕپێکراودڵسۆزی هەموولایەنەکان بێت لە خاوەنکارو بەڵێندەر و نێوەنگیرەکان و ڕێگربێت لە بەیەکداچوونی بەرژەوەندیەکان .

٥- پێویستە ئەندازیاران ناوبانگی پیشەییان لەسەر بنەمای شیاوی خزمەتەکانیان بنیاد بنێن نەک کێبرکێی نا یەکسان و نا هاوسەنگ .

٦- پێویستە لەسەر ئەندازیاران کە بە شەرەفمەندانەو دەستپاکانە و بە شکۆمەندیەوە مامەڵەی پیشەکەیان بکەن وە بە هیچ جۆرێک نابێت کە ڕێگە بە بەرتیلخۆری و فێڵ و گەندەڵی بدەن لە کارکردندا.

٧- پێویستە ئەندازیار کە بەدرێژایی ژیانی پیشەیی لە هەوڵی پەرەپێدانی تواناکانی دا بێت و هەڵێکی واش بڕەخسێنێت بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە لەژێر فەرمانیدان بۆ ئەوەی بەبەردەوامی پەرە بە تواناکانیان بدەن .

٨- پێویستە لەسەر ئەندازیاران کە لەتەواوی ئەو بوارانەی کە پەیوەستە بە پیشەکەیان کە مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ هەموواندا بکەن بێ گوێدانە ڕەگەز و ڕەچەڵەک و ڕەنگی پێست و وابەستەیی ئایینی و نەتەوەیی و لایەنی خێزانداری و باری دارایی و پەیوەندی تایبەت و ...هتد .

سێهەم/ ڕێنماییەکانی جێ بەجێکردنی یاساکان :

١- ئەندازیار پلەی یەکەم دەدات بە سەلامەتی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ لەکارەکانیدا ، وە بە ڕژدی کاردەکەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەرەوگیر لە ئەرکە پیشەییەکانیان ، ئەمە یاسای یەکەمە بەڵام چۆن پراکتیک دەکرێت .

ا-پێویستە ئەندازیار ئاگاداری ئەوە ببێت کە سەلامەتی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر ئەو بریار و دادگەریانە بەندە کە ئەندازیار دەربارەی کارکردن لە پێکهاتەی بونیادەکان و ئامێرو بەرهەمەکان و پرۆسەی کارەکان دەیدات .

ب- پێویستە لەسەر ئەندازیاران کە ڕەزامەندی بدەن لەسەر بەڵگەنامەکانی دیزاین کە پایدا چوونەتەوە یاخود خۆیان ئامادەیان کردووە بە مۆری فەرمی ، کە بیسەلمێنێت ئەم دیزاینانە گونجاون لەگەڵ سەلامەتی و خۆشگوزەرانی گشتی و بەگوێرەی پێوەرە ئەندازەییەکان پەسەند کراوبن.

ج- لەو بارودۆخانەی کە بریارو هەڵسەنگاندنەکانی ئەندازیار لە بەرچاوناگیرێت پێویستە کە بەرەسمی خاوەنکارو بەکاربەرانی کارەکە ئاگاداربکاتەوە لە دەرەنجامە خراپەکانی ئەو کارە لەڕووی سەلامەتی و گونجاوی بۆ ژیانی گشتی .

د- لەسەر ئەندازیار پێویستە لەکاتی بوونی زانیاری یان هۆکاری ئەوەی کەسێک یان لایەنێک پێشێلکاری ئەم یاسا و بنەما ڕەوشتیانەی کردووە ئەوا دەبێت هاوکاری لایەنی پەیوەندیدار بکات بە نوسراوی فەرمی و ئامادەیی هەر هاوکاریەک بێت کە پێویستە لەو بارەیەوە .

ه- پێویستە ئەندازیار هەمیشە پەرە بە تواناکانی خۆی بدات لەبواری خزمەتی شارستانی و ئاوەدانی و بەردەوام هەوڵی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکەی بدات و کار لەسەر پرۆسەی بنیادنانی بەرەوگیر بکات .

و-پێویستە ئەندازیار پابەندی پاراستنی ژینگە بێت لەڕێگەی بەرەودان بە بنەماکانی بەرەوگیری تاوەکو کوالیتی ژیانی گشتی بەرزتر بکاتەوە .

٢- پێویستە ئەندازیار سنوری کارەکەی لە بواری پسپۆریەکەی تێنەپەڕێت .

ا- ئەندازیار کاتێک پابەندە بە کارەکەیەوە کە خوێندنی لە یەکێک لەبەشە ئەندازیاری و تەکنیکیەکان تەواوکردبێت و ئەزموونی کاری وەرگرتبێت .

ب- لەهەندێک باردا ئەندازیاران چەندکاریک پەسەندەدەکەن لەدەرەوەی پسپۆری یان ئەزموونی خۆیان کە فێربوونی تایبەتی پێویستە ، دەگونجێت بەو مەرجەی کە بەهۆی ڕاوێژکارو تیمی تایبەتی ئەو بڕگەیەوە هاوکاری بکرێت بۆ جێبەجێکردنی .

ج- بەهیچ جۆرێک ڕێگەپێدراو نیە ئەندازیار مۆر و ئیمزا لەسەر نەخشەو بەڵگەنامەکان بکات ئەگەر شارەزایی

تەواوی لەو بوارەدا نەبێت کە لە نەخشەکاندا هاتووە یاخود لەژێر سەرپەرشتی خۆی دۆکیومێنتەکان ئامادەنەکرابێت .

٣- لەسەر ئەندازیار پیویستە لەکاتی دەربرینی بڕاوکراوەو بەیاننامە گشتیەکاندا بابەتی و ڕاستگۆ بێت .

ا- پێویستە ئەندازیاران ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا بەرزبکەنەوە دەربارەی ئەندازیاری و پەرەسەندنی بڕەوگیر ، وەبەهیچ جۆرێک نابێت لە کارێکدا بەشدار بن کە زانیاری ناڕاست و زیادەڕەوی تیادا بێت دەربارەی ئەندازیاری .

ب- پێویستە ئەندازیاران بابەتی و ڕاستگۆ بن دەربارەی ڕاپۆرت و بڕوانامە پیشەییەکان ، وە پێویستە کە تەواوی ئەوزانیاریانەی تیادا بێت کە تایبەتە بەو باسەی ڕاپۆرتەکە یان بەیاننامەکە دەیگرێتەوە .

ج- ئەندازیاران لە کاتێکدا کە وەک شاهید «گەواهی دەر» یاخود «پسپۆری دادی» کاردەکەن پێویستە تەنها ڕای زانستی و ئەندازیاری دەربارەی بابەتەکە بدەن بە ڕاستی و ڕوونی و لەسەر بنەمای باوەڕی ڕاستەقینەی هونەری و زانستی بوارەکە .

د- ناگونجێت ئەندازیار دەربارەی بابەتی لایەنیکی پەیوەندیدار نوسین و بڵاوکراوە بڵاوبکاتەوە تاوەکو لایەنەکە خۆی کەسێک بۆ ئەوکارە ڕانەسپێرێت .

ه-پێویستە لە ڕوونکاری کارەکانیدا ئەندازیار کەسێکی لەسەرخۆوو بەڕێزبێت ، ،ەپێویستە لە هەر کارو نواندنێک بە دوور بێت کە بەرژەوەندی تایبەتی زاڵ بکات بەسەر ڕەوشتی کارکردن و پاراستنی شکۆی ئەندازیاری .

٤- پێویستە ئەندازیار لە بابەتە پیشەییەکاندا وەک باوەڕپێکراودڵسۆزی هەموولایەنەکان بێت لە خاوەنکارو بەڵێندەر و نێوەنگیرەکان و ڕێگربێت لە بەیەکداچوونی بەرژەوەندیەکان .

ا- پێویستە لەسەر ئەندازیار کە خۆی بپارێزت لەهەر بەیەکداچوونێکی بەرژەوەندی خاوەنکارو بەکاربەر و بەڵێندەران ، وە پێویستە لەکاتی ئاڵوزیەکاندا بە زووترین کات هەموو لایەنەکان لە پلانی یەکخەری کارەکان ئاگادار بکاتەوە و وابکات کوالیتی و گونجاوی کارەکان بپارێزێت .

ب- ئەندازیار بۆی نیە لەیەک کاتدا و لەیەک پرۆژەدا کرێ یان پاداشت لە لایەنێک زیاتر وەربگرێت ، ئەگەر ئەو بابەتە بە وردی ڕوونەکرابێتەوەو هەموو لایەنەکانی پرۆژەکە لەسەری کۆک نەبن .

ج- ئەندازیار بۆی نیە پاداشت یان سوودی ماددی لە بەڵێندەران یاخود نوێنەرەکانیان وەربگرێت لەو کارەی کە خۆی لێی بەپرسە .

د- ئەندازیار بۆی نیە کە لە کەرتی گشتی بوو وەک ئەندام یان ڕاوێژکار یان هەر پلەو پۆستێکی فەرمی کە کار بۆ کەرتی تایبەتی بکات .

ه- لەسەر ئەندازیار پێویستە کە دوای دیراسەکردن ئەگەر پرۆژەکە سەرکەوتوو نەبوو بەنوسراو لایەنی خاوەنکار ئاگادار بکاتەوە .

و- ئەندازیاران بۆیان نیە بەهیچ جۆرێک کە ئەو زانیاریە نهێنیانەی لە چوارچێوەی کارەکانیاندا پێیان دەگات وەک سەرچاوەیەک بۆ سوودی کەسی یان داهاتی ماددی بەکاربهێنێت .

ز- نابێت ئەندازیاران کارێکی سەربار لەدەرەوەی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن بێ ئاگاداری خاوەنکار .

٥- پێویستە ئەندازیاران ناوبانگی پیشەییان لەسەر بنەمای شیاوی خزمەتەکانیان بنیاد بنێن نەک کێبڕکێی نا یەکسان و نا هاوسەنگ .

ا- ئەندازیاران بۆیان نیە کە بەهۆی بەشداری سیاسی یان یان بەرتیل پێدانەوە کارەکانیان مسۆگەربکەن ، تەنها کرێی ناوەندەکانی کاردابین کردن دەدەن کە لەڕێی ئاژانسەکانی کار دۆزینەوەوە ئەنجام دەدرێت .

ب- لەسەر ئەندازیاران پێویستە کە گفتوگۆ بکەن دەربارەی گرێبەستە پیشەییەکان بەشێوەیەکی دادوەرانەو لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شارەزایی داواکراو بۆ ئەوکارە.

ج- بارو دۆخی کتوپڕدا ئەندازیاران بۆیان هەیە کە لیژنەی پیشەیی پێشنیار بکەن یاخود دابمەزرێنن بەمەرجێک لە ئەحکام و کارکردنی پیشەییان کەم نەکاتەوە .

د- بەهیچ جۆرێک ڕێگەپێدراو نیە کە ئەندازیاران بڕوانامە یاخود کارەکانیان تەزویر بکەن یاخود کۆپی بکەن .

ه- لەسەر ئەندازیاران پێویستە کە بیمە دابین بکەن بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە لەکارەکاندا بە ستافی ئەندازیاری ئەژماردەکرێن ، وە پێویستیشە کە خاوەندارێتی کارەکان بسەلمێنن کە کارەکانیان بەئەنجام گەیاندووە چ دیزاین و نەخشەدانان بێت یاخود داهێنان و نوسراوەکانی تر بێت .

و- پێویستە کە ئەندازیاران لە کاتی ڕاگەیاندنی توانا ئەندازیاریەکانیان ڕوون و ڕاشکاو بن واتە بەلاڕێدا بردن و کەمکردنەوەی بەهای کاری تیادا نەبێت لەو جۆرە ڕاگەیاندنانەی کە ڕێگە پێدراون وەک ئەم نموونانەی خوارەوەیە :

- کارت و بلاوکراوەی پیشەگەرانەو باوەڕپێکراو کەلە بلاوکراوە خاوەن پێگەکاندا بن و جێگەی تایبەتی بۆ بلاوکردنەوەی دانرابێت .

- نامیلکەو بڕۆشوری تایبەت کە بەرووونی باسی کار و پڕۆژەو ستافە هاوکارەکانی ئەندازیار بکات .

- تەواوی ناساندن و ڕیکلامەکان دەبێت لە بلاوکراوەی فەرمی خاوەن پێگەو بنەمای بەرزی کارکردندا بن ، وە پێویستە زانیاریەکانی ناوی ڕوون و ئاشکرا بن و زیادەڕەوی و بەلاڕێدا بردنی تیادا نەبێت .

- ئاماژەپێکردنی ناوی ئەو ئەندازیارو کۆمپانیایانەی کە کاری لەگەل کردوون وە هەروەها جۆری کارو خزمەتگوزاری ئەو بوارەش ڕوون بێت کە کاری تیادا کردووە .

- ئامادەکردن و ئەنجامدانی وتارو نوسینی زانستی لە گۆڤار و بلاوکراوە تەکنیکیو ئەندازەییەکاندا ، وە پێویستە ئەو بلاوکراوانە جگە لە بەشداری ڕاستەوخۆ لەو پڕۆژانەی کە ئاماژەی بۆکراوە.

- ئەو ئەندازیارانەی کە ڕەزامەند ئەبن بەوەی کە ناویان بەکاربێت لە هێما بازرگانیەکان وەک ئەو کارانەی بەلێندەر و فرۆشیاری مەواد دەیکەن ، ئەمەش بەڕێگەیەکی ڕێکخراوو پوخت دەکرێت وە نابێت ئەو کارو بەرهەمانە بگرێتەوە کە خاوەندارێتیان تۆمارکراوە بەناوی کەسانی ترەوە .

ز- بە هیچ جۆرێک ڕێگە پێدراو نیە ئەندازیار بە شێوەیەکی مەبەست یاخود هەلە ، ناو Zو ناوبانگی کاری ئەندازیاریی لەکەدار بکات ، یاخود ڕەخنەو باسی نازانستی لەسەر کاری ئەوانی دیکە بکات یان تانە لە بەکارخستنی ئەوانی دیکە بکات .

ح- بە هیچ جۆرێک ڕێگە پێدراو نیە ئەندازیار کەرەستەو تاقیگەو ئامێری خاوەنکار بەبێ ڕەزامەندی خاوەنکارەکە بۆ کاری تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت .

٦- پێویستە لەسەر ئەندازیاران کە بە شەرەفمەندانەو دەستپاکانە و بە شکۆمەندیەوە مامەڵەی پیشەکەیان بکەن وە بە هیچ جۆرێک نابێت کە ڕێگە بە بەرتیلخۆری و فێڵ و گەندەڵی بدەن لە کارکردندا .

ا- بەهیچ جۆرێک بۆ ئەندازیار ڕێگە پێدراو نیە کە ئەندازیار تێوەبگلێت لە کاری نا ئەخلاقی و نا شەرەفمەندانە یاخود سیفەتی فێڵ کردن هەلگرێت .

ب- پێویستە ئەندازیاران ئەمانەت پارێزێکی تەواو بن لە کۆنترۆڵ کردن و خەرجکردنی پارەو سەرمایەدا ، وەدەبێت لایەنیکی یەکلاکەرەوەو بێلایەن بن لەنێوان خاوەنکار و هاوبەشەکانی و بەکاربەر و بەلێندەرەکاندا .

ج- پێویستە ئەندازیاران بەتەواوی دژی گەندەڵی و بەرتیل خۆری و فێڵ کردن بوەستنەوە لە تەواوی ئەو پڕۆسە ئەندازیاری و بنیادنانانەی کە ئەنجامی دەدەن .

د- پێویستە کە ئەندازیاران چاوکراوە بن بۆ دۆسیەکانی گەندەڵی و بەرتیل و فێڵکردن و زۆر وریا بن لە بابەتی گەندەڵی ڕێکخراو دامەزراوەیی .

ه- پێویستە ئەندازیاران بەڕونی و ئاشکرایی تەواوی حساباتی کرین و گواستنەوەو نێوەندگیری و ڕسوماتی ئەو کارانە بکەن کە دەکرێن یاخود ئەو مەوادو کەرەستانەی کە دەکردرێن .

و- پێویستە ئەندازیاران تەواوی ئەو بەڵگەنامەو بڕوانامانە ئاماژە پێبکەن لە گرێبەستەکانی کارکردندا کە جەخت لە بابەتی بنەبڕکردنی گەندەڵی و فێڵ کردن دەکەنەوە .

٧- پێویستە ئەندازیار کە بەدرێژایی ژیانی پیشەیی لە هەولی پەرەپێدانی تواناکانی دا بێت و هەلێکی واش بڕەخسێنێت بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە لەژێر فەرمانیدان بۆ ئەوەی بەبەردەوامی پەرە بە تواناکانیان بدەن .

ا- لەسەر ئەندازیاران پێویستە کە بەبەردوامی شوێن گەشەپێدانی توانای زانستی لە بوارەکەی خۆیاندا بکەون بە هۆی پیادەکردنی کاری ئەندازیاری و بەشداری خولی زانستی و خوێندنەوەی بەردەوام و بەشداری کۆبوونەوەو سیمیناری ئەندازەییە.

ب- لەسەر ئەندازیاران پێویستە کە هانی خۆتۆمارکردنی ستافە ئەندازەییەکانیان بدەن لە ڕێکخراوە ئەندازیاریەکان.

ج- لەسەر ئەندازیاران پێویستە کە هانی ستاف و کارمەندە ئەندازییەکانیان بدەن بۆ بەشداری کۆڕ و کۆمەڵە زانستیەکان .

